ئاستانە



# جوانییەکانی ئیسلام

## چەند تێڕوانینێکی زانستی


نووسینی: ئەحمەد یوسف سەیید

وەرگێڕانی: سەرهەنگ ئەحمەد

# جوانییەکانی ئیسلام

چەند تێڕوانینێکی زانستی

# جوانییەکانی ئیسلام

## چەند تێڕوانینێکی زانستی


نـــــاوی نووســــــەر: ئەحمەد یوسف سەید

نـــــاوی وەرگـێڕ : سەرهەنگ ئەحمەد فەتاح

دیزاینی ناوەوە و بـــەرگ : زەردەشت کاوانی

نۆبــەتـی چـــــــاپ: یەکەم ٢٠٢١

تـیـــــــــــراژ: ١٠٠٠ دانـــــــە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان

ژمارە سپاردنی (          ) ی ساڵی ٢٠٢١ پێدراوە



مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ڕێکخراوی ئاستانە ©

# جوانییەکانی ئیسلام

## چەند تێڕوانینێکی زانستی

نووسینی

**ئەحمەد یوسف سەید**

وەرگێڕانی

**سەرهەنگ ئەحمەد فەتاح**

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی وەرگێڕ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

سوپاس و ستایش بۆ خودای کار بەجێ و مەزن. سوپاسێك پاکتر لە هەورە سپییەکانی ئاسمان، زیاتر لە دڵۆپە ئاوی باران، لەپای هەموو بەخشش و نیعمەتەکان. ستایش بۆ ئەو خودایەی کە ئایینی پیرۆزی ئیسلامی پێ بەخشیوین و کردوویەتی بەچرای تاریکی ڕێمان. سەڵات و سەلامی خودا لەسەر خۆشەویست و پێشەوا و سەروەرمان ﷺ، سەلام و ڕەزامەندی لەسەر هاوەڵان و شوێنکەوتوانیان تاوەکو ڕۆژی پایان.

پاشـــــان:

یەکێك لە باشترین ڕێگاکانی بانگەوازی کردن بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ڕوونکردنەوە و باسکردنی جوانییەکانی ئیسلامە کە هاو نەوایە لەگەڵ فیترەت و ناخ و ژیری مرۆڤەکان. وەك پێشەوا ئیبن تەیمییە (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) فەرموویەتی: (( والإنسان قد يظهر له من محاسن الإسلام ما يدعوه إلى الدخول فيه، وإن كان ولد عليه وتربى بين أهله فإنه يحبه...))[١] هەندێکجار مرۆڤ بەشێك لە

---

(١) مجموع الفتاوى (١٣٨/٤).

جوانییەکانی ئیسلامی بۆ دەردەکەوێت ئەمە وای لێدەکات مسوڵمان ببێت، خۆ ئەگەر خۆی مسوڵمان بێت ئەوە زیاتر ئیسلامی خۆش دەوێت.

پێشەوا شەنقیتی (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) فەرموویەتی: ((العالم اليوم في حاجة إلى معرفة محاسن الإسلام و سمو تعاليمه))(١). لەمڕۆدا جیهان زۆر پێویستی بەوەیە شارەزای جوانییەکانی ئیسلام و ڕێنماییە باڵاکانی بکرێت.

بایەخدان بە باسکردن و بڵاوکردنەوە و ڕوونکردنەوەی جوانییەکانی ئیسلام باسێکی شەریف و بە بەهایە. شێوازێکی نایابە بۆ بانگەوازی بێباوەڕان، و بونیادنانی یەقین و دڵنیایی لەلای باوەڕداران.

کاتێك لەم لایەنانەی خوارەوە بڕوانین، زیاتر گرنگی و بایەخی ئەم باسەمان بۆ دەردەکەوێت:

**١ـ لایەنی بونیاتنان:** ناسینی جوانییەکانی ئیسلام زیاتر مسوڵمان شارەزا دەکات بە ئایینەکەی و لایەنە تایبەتەکانی زیاتر بۆ دەردەکەوێت، ئەمەش دەبێتە هۆی پابەندبوون و بەردەوامبوون و دروست بوونی یەقین و دڵنیایی لەسەر باوەڕەکەی.

**٢ـ لایەنی خۆپارێزی:** زانین و شارەزابوون لە جوانی و تایبەتمەندییەکانی ئیسلام دەبێتە هۆی درووست بوونی قەڵایەکی بەهێز ـ لە ناخی باوەڕداردا ـ بەرانبەر شوبهە و گومانەکان؛ چونکە کاتێك باوەڕدار شارەزای جوانییەکانی ئایینەکەی بوو ئیتر شوبهە و گومانەکان هیچ کاریگەریەکیان نامێنێت و پوچەڵ دەبنەوە.

---

(١) أضواء البيان (١٧٢/٨).

ASTANA

**٣ـ لایـــەنی بانگـــەوازی:** بێگومان باسکردن و بڵاوکردنەوە و ڕوونکردنەوەی جوانییەکانی ئیسلام یەکێکە لە ڕێگە نایابەکان بۆ بانگەوازی کردنی بێباوەڕان، چونکە هەندێکجار مرۆڤ بەشێك لە جوانییەکانی ئیسلامی بۆ دەردەکەوێت ئەمە وای لێدەکات مسوڵمان ببێت؛ ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەم جوانیانە هاونەوایە لەگەڵ فیترەت و ژیری مرۆڤەکان.

**٤ـ لایەنی چارەکردن:** هەر کەسێك تووشی شوبهە و گومانەکان بوو دەربارەی ئیسلام و بنەماکانی یەکێك لە ڕێگە زۆر گونجاوەکان بۆ ڕەوانەوەی ئەم شوبهە و گومانانە باسکردنی جوانی و تایبەتمەندییەکانی ئیسلامە بۆی. لە بەرانبەردا باسکردنی ئەو باس و خواسانەیە لە ئایین و باوەڕەکانی دیکەدا، پاشان بەراوردکاری بکرێت ئەوکات بەها و نرخ و شکۆمەندی ئیسلام بەدەردەکەوێت و گومانەکانیش دەڕەوێنەوە.

بۆیە منیش بە گرنگم زانی ئەم پەڕاوە پوختەی مامۆستا (ئەحمەد یوسف سەید) وەربگێڕمە سەر زمانی کوردی کە ـ بەویستی خودا ـ هەنگاوێکی زۆر باش دەبێت بۆ شارەزابوون و خوێندنەوە لەم بوارەدا. ئەم پەڕاوە بەنرخە بەدرێژی باسی جوانی و تایبەتمەندییەکانی ئیسلام ناکات، بەڵکوو بریتییە لە چەند تێڕوانینێکی زانستی کە بە هۆیانەوە دەتوانرێت بە شێوازێکی درووست لەم بوارەدا هەنگاو هەڵبگیرێت و زیاتر لەسەری بخوێنرێتەوە. ئێمەش لە پرۆژەماندایە ـ خودا ئاسانی بکات ـ پەرتووکێك بنووسین بە درێژی لەسەر جوانەکانی ئیسلام بدوێین. پاشان بەراوردی بکەین لەگەڵ بیر و

ASTANA

باوەڕەکانی دیکەدا، بۆیە ئەم پەڕاوە پوختە بنەمایەکی زانستی زۆر باش دەبێت بۆ تێگەشتن لەو پەرتووکە.

**تێبینی:**

١ـ ئەو وتانەی لە نێوان ئەم دوو کەوانەدایە [ ] لەهەر شوێنێکدا هەبێت، وتەی وەرگێڕە.

٢ـ هەر ڕوون کردنەوەیەکم دابێت لەپەراوێزدا لە تەنیشتیدا نووسیومە: (وەرگێڕ).

ASTANA

# پێشەکی نووسەر

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

سوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەی ئەم ئایەتە پیرۆزەی بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ دابەزاند:

﴿...ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ فَمَنِ ٱضۡطُرَّ فِي مَخۡمَصَةٍ غَيۡرَ مُتَجَانِفٖ لِّإِثۡمٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٣﴾ المائدة: ٣[١]

سەڵاوات و ڕەحمەت و بەرەکەتی خودا بۆ سەر ڕۆحی پاکی بەندە و پەیامهێن، و خزم و کەس و کار و هاوەڵە بەڕێزەکانی.

پاشـــــان:

هەرکەسێك داخوازی شتێکی دوورە دەست بکات، بێگومان توشی ماندووبوون و مەشەقەت دەبێت، هەر بۆیە پێویستە زۆر بەباشی ئەو شتە بناسێت و سوود و جوانییەکانی شارەزابێت؛ بۆ ئەوەی

(١) ئەمڕۆ ئاینی ئیسلامم بۆ تەواو وکامل کردن، هەرگیز پێویستان بە زیادە نابێت بیهێننە ناو ئایینەکەتانەوە و، نیعمەت و بەخششی خۆم تەواو ڕژاند بەسەرتاندا، بەوەی ئایینەکەم بۆتەواو و کامڵ کردن و مەککەم بۆ ئازاد کردن و زاڵم کردن بەسەر بێباوەڕاندا. ئیسلامیشم بە بەرنامەو ئایین بۆ هەڵبژاردون، نابێت هیچ کاتێک لێی لابدەن.

ئەمە هاندەر و پاڵنەربێت لەسەر خۆڕاگری بەرانبەر ماندووبوون و تێپەڕاندنی ئاستەنگەکان. ئەمەش پاڵنەری من بوو - هەرچەندە لاوازبووم و وا تەمەنم بەرەو کۆتا دەچێت - لەسەر ئەوەی بەدوای جوانییەکانی ئیسلام و ڕێساکانیدا بگەڕێم، بۆ ئەوەی هەر بابەتێك کە بەشەرع دانراوە هەندێك لە نهێنی و جوانییەکانی ئاشکرابکەم. بەشێوازێك جێگای ڕەزامەندی هەموو کەسێکی باوەڕدار بێت بەمەرجێك دادگەربێت و بە ویژدانەوە بڕیار بدات و سەرکەشی و عینادی بەدەرنەکەوتبێت لە وتە و کردەوەکانیدا )) [١]

بەم چەند دێڕە ئەبو عەبدوڵا موحەممەدی کوڕی عەبدولڕەحمانی بوخاری (ت:٥٤٦ھ) پێشەکی پەرتووکەکەی داناوە بە ناونیشانی ( محاسن الإسلام و شرائع الإسلام ).

ئەو لێرەدا باسی شوێنەواری جوانییەکانی ئیسلام دەکات لەسەر مسوڵمانان، چونکە باسی ئەوەی کرد ئەو کەسەی ڕێگەیەکی دوور و سەخت بگرێتەبەر پێویستی بەوەیە جوانی و سودی ئەم کارەی بزانێت بۆ ئەوەی ببێتە پاڵنەر و هاندەر بۆ خۆڕاگری و بەردەوامبوون.

باسکردنی جوانییەکانی ئیسلام بۆ کافران هیچی کەمتر نییە لە باسکردنی بۆ مسوڵمانان؛ چونکە کافران کاتێك جوانییەکانی ئەم ئایینەیان بۆ دەرکەوت کە بانگ دەکرێن بۆ سەری، شکۆمەندی و گەورەیی ئیسلامیان ناسی و هەستیان کرد بە مەزنی و ڕازاوەیی و تایبەتمەندییە پڕشکۆکانی، ئەوکات بەزوویی باوەڕ دێنن

---

(١) محاسن الإسلام و شرائع الإسلام ( لا: ٣ ).

و پێشبڕکێ دەکەن لە مسوڵمان بوون، مەگەر کەسێك هەوا و ئارەزووەکان ڕێگربن لێی.

ئێمەش لەم سەردەمەدا لە پێکدادانی بیر و باوەڕ و شارستانییەتەکاندا دەژین، کردنەوەیەکی ئێجگار گەورە هەیە لە بازاڕی بیر و ئەفکارەکاندا، دەبینیت چەمکە فکرییەکان نیشان دەدرێن، دەخرێنەڕوو، بانگەوازیان بۆ دەکرێت بە هەموو ڕێگا و هۆکارێك. هەتاوەکو هەندێك لە باوەڕداران توشی گومان و دوودڵی بوون دەربارەی هەندێك لە ئەحکامە شەرعییەکان، هەر بۆیە زۆر پێویستە باسی شکۆمەندی و جوانییەکانی ئیسلام بکرێت.

ASTANA

## پەیڕەوی زانایان

## لە شێوازی باسکردنی جوانییەکانی ئیسلام

پێش ئەوەی باسی تێڕوانینە زانستییەکان بکەم دەربارەی جوانییەکانی ئیسلام، بە کورتی ئاماژە دەکەم بۆ پەیڕەوی زانایان و لێکۆڵەرەوان لە شێوازی باسکردنی جوانییەکانی ئیسلام.

پەیڕەوی زانایان لە نووسینی ئەم باسەدا هەمەچەشن و جیاوازە. لە گرنگترینیان:

### پەیڕەوی یەکەم: باسکردنی جوانییەکانی ئیسلام لەسەر شێوازی بابەتە فیقهییەکان.

لەو زانایانەی لەسەر ئەم پەیڕەوە ڕۆیشتوون، پێشەوا ئەبوبکر موحەممەدی کوڕی عەلی قەففال (ت:٣٦٥ھ) لە پەرتووکەکەیدا (محاسن الشريعة)، دەبینیت باسی ئەو شتانەی کردووە کە: (دەستنوێژ پێویست دەکەن، ئەو شتانەی خۆششتن پێویست دەکەن، بابەتی مەسحکردن لەسەر خوف[١]، بابەتی تەیەموم کردن، باسی پیسییەکان... هتد.

---

(١) بریتییە: لە شتێك وەك گۆرەوی لەپێ دەکرێت، بەڵام لە پێست ـ چەرم ـ دروستکراوە . (وەرگێڕ).

ASTANA

پاشان باسی پرسە و مردوو ناشتن دەکات، باسی ئەو شتانەی دەکرێت بۆ مردوو پێش شۆردنی.

پاشان باسی حەجکردن دەکات، پاشان باسی زەکات دان، باسی خواردن و خواردنەوەکان و جل و بەرگ پۆشین و خۆڕازاندنەوە... بابەتی سوێند خواردن و کەفارەتەکان... هتد).

کاتێك سەیر دەکەیت دەبینیت سەرباس و ناونیشانەکان دەقاودەق وەك سەرباس و ناونیشانەکانی پەرتووکە فقهییەکانە، بەڵام ئەم پەرتووکە باسی جوانی و حیکمەتەکانی ئەو بابەتانە دەکات.

لەو زانایانەی لەسەر ئەم پەیڕەوە ڕۆیشتوون ئەبو عەبدوڵا موحەممەدی کوڕی عەبدولڕەحمانی بوخاری (ت:٥٤٦ه) لە پەرتووکی ( محاسن الإسلام و شرائع الإسلام )دا ئەمیش لەسەر شێوازی داڕشتنی پەرتووکە فیقهییەکان پەرتووکەکەی نووسیوە، باسی (بابەتی سپاردە و جوانییەکانی، بابەتی کڕین و فرۆشتن و جوانییەکانی، بابەتی ئاشتیکردن و جوانییەکانی، بابەتی شکایەتکردن و جوانییەکانی، بابەتی بەکرێدان و جوانییەکانی، بابەتی بریکاری و جوانییەکانی، بابەتی دیاری و جوانییەکانی، بابەتی وەسییەتکردن و جوانییەکانی، بابەتی خواردن و خواردنەوە و جوانییەکانی، بابەتی شایەتیدان و جوانییەکی، جوانییەکانی دادگا و فەرمانداریێتی... هتد ) کردووە.

ئەوەی جێگای تێبینییە لەو پەرتووکانەی لەسەر ئەم پەیڕەوە نوسراون هەموو جوانییەکانی ئیسلام باس ناکەن، بەڵکوو زیاتر جەخت دەکەنەوە لە لایەنی بابەتە فیقهییەکان.

ASTANA

## پەیڕەوی دووەم: باسکردنی جوانییەکانی ئیسلام بەشێوازێکی گشتی.

مەبەست لەم پەیڕەوە باسکردنی جوانییەکانی ئیسلامە لە ڕووی بیر و باوەڕ و ئەخلاق و ڕەوشتەوە، بەبێ کورت هەڵهێنان لەسەر بابەتە فیقهییەکان بەتەنها.

لەو زانایانەی لەسەر ئەم پەیڕەوە ڕۆیشتوون عەبدولڕەحمان سەعدی (ت:١٣٧٦ھ) لە پەرتووکی (الدرة المختصرة في محاسن الإسلامي)، بەڵام ئەم پەرتووکە لەڕووی بەڵگەهێنانەوە ئەوەندە بەهێزنییە شوبهە و گومانی گومانسازان بنبڕبکات. بەڵکوو بریتییە لە باسکردنی بابەتەکە بەشێوازێکی سادە و ئاسان. بەسوودە بۆ تازەلاوان و ئەو کەسانەی سەرەتایانە لە خوێندنەوە لەسەر ئەم بوارە، هەروەها گونجاوە بۆ پەروەردەکردنی منداڵان و تازەلاوان لە کۆڕەکانی خوێندنەوە و لەبەرکردنی قورئانی پیرۆزدا.

نووسەر لە سەرەتای پەرتووکەکەیدا باسی بەها و بەروبوومی گرنگیدان بەم بابەتەی کردووە. ئەوبەروبوومانەی دەست باوەڕداران دەکەوێت، و ئەوانەشی بێباوەڕان لێی سودمەند دەبن، باسی ئەوەشی کردووە گرنگیدان و بڵاوکردنەوەی جوانییەکانی ئیسلام یەکێکە لە دەروازە هەر گەورەکانی دەعوە و بانگەواز بۆ ئیسلام بەبێ ئەوەی پێویست بکات شوبهە و گومانەکانیش پوچەڵ بکرێتەوە؛ چونکە ئەم دەروازەیە بۆخۆی هەموو گومانێك پاڵپێوە دەنێت .

## پەیڕەوی سێیەم: باسکردنی جوانییەکانی ئیسلام لە ڕوانگەیەکی دیاریکراو، جا ڕوانگەی تەشریعات و ئەحکام بێت، یان ڕوانگەی ئەخلاق و ڕەوشت، یان ڕوانگەی بیر و باوەڕ.

لەو پەرتووکانەی لەم پەیڕەوەدا نوسراون:

### لەڕوانگەی ئەخلاق و ڕەوشت:

دکتۆر موحەممەد عەبدوڵا دەڕاز (ت:١٣٧٧ھ) پەرتووکێکی نووسیووە بەناوی (دستور الأخلاق في القرآن)، لەم پەرتووکەدا باسی تیۆری ئەخلاقی ئیسلامی دەکات بەشێوازێکی گشتی، پاشان بەراوردی دەکات لەگەڵ تیۆرە فەلسەفییەکان بۆ ئەخلاق و ڕەوشت، لە کۆتای پەرتووکەکەیدا ئەو ئایەتانەی کۆکردوەتەوە کە بنەماکانی تیۆری ئەخلاقی ئیسلامی پێکدێنن.

### لەڕوانگەی بیر و باوەڕەوە:

دکتۆر فەرید ئەنساڕی (ت:١٤٣٠ھ) پەرتووکێکی نووسیووە بەناوی (جمالية الدين: معارج القلب إلى حياة الروح) ئەم پەرتووکە یەکێکە لە باشترین پەرتووکەکان نووسرابێت دەربارەی جوانییەکانی بیر و باوەڕ لە ئیسلامدا، بەڵکوو من پێم وایە یەکێکە لە باشترین پەرتووکەکان نوسرابێت دەربارەی جوانییەکانی ئیسلام بەشێوازێکی گشتی.

ASTANA

لەم پەرتووکەدا باسی جوانییەکانی باوەڕپاکی و یەکخوداپەرەستی دەکات. باسی جوانی واتای (الإله)[١] دەکات لە قورئان و زمانی عەرەبیدا. باسی ئەو پەیوەندیانە دەکات کە عوبودییەت و خوداناسی مرۆڤ بەهێز دەکات. باسی جوانییەکانی ناساندنی خودا دەکات لە قورئانی پیرۆزدا. باسی جوانییەکانی باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی دەکات. باسی جوانییەکانی باوەڕبوون بە غەیب و پەنهانی دەکات، باسی جوانییەکانی باوەڕبوون بە مردن و زیندوو بوونەوە و ژیانی دوارِۆژ دەکات... هتد.

نامیلکەیەکی پوختی بەسوودی دیکەش هەیە لەم ڕوانگەیەدا کە دانراوی (د. ئەحمەد عوسمان)ە بە ناونیشانی ( محاسن العقیدة الإسلامیة ).

ASTANA

## ڕوانگەی تەشریعات و ئەحکام:

مەبەستم بە تەشریعات و ئەحکام بابەتە فیقهییەکانە، دوو پەرتووك لەم ڕوانگەیەدا هەن کە پێشتریش ئاماژەمان پێدان، ئەوانیش:

پەرتووکەکەی (قەففال) و پەرتووکەکەی (بوخاری)ە .

---

(١) (الإله) واتە: خودا.

## پەیڕەوی چوارەم: باسكردنی جوانییەكانی ئیسلام و بەراورد كردنی بە ئایین و باوەڕەكانی سەردەم، بەشێوازێكی گشتی، یان لە ڕوانگەیەكی دیاریكراوەوە.

لە دیارترین نووسەرەكان لەم پەیڕەوەدا عەلی عیزەت بیگۆڤیچ (ت:١٤٢٤ھ) لە پەرتووكەكەیدا بەناوی ( الإسلام بين الشرق و الغرب ).

یەكێكی دیكە لە پەرتووكە بەناوبانگەكان لەم پەیڕەوەدا، پەرتووكەكەی ئەبو حەسەنی نەدەوی یە (ت:١٤٢٠ھ) بەناوی (ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمين) هەرچەندە ئەم پەرتووكە بەڕاشكاوی باسی جوانییەكانی ئیسلام ناكات، بەڵام نووسەر پێداگربووە لەسەر بەراوردكردنی ئیسلام بە جاهیلییەت لە پێشوو و لەم سەردەمەشدا.

موحەممەد سەعید ڕەمەزان بوتیش پەرتووكێكی نووسیوە بەناونیشـــــانی (المرأة بين طغـيان النظام الغربي و لطائف التشريع الرباني).

### لە كۆتـــــایدا:

كەسێكم نەدیووە بە شێوازێكی زانستی و مەنهەجی ئەم بابەتە بخاتەڕوو كە یارمەتی دەربێت لەسەر بونیاتنانی تێڕوانینێكی زانستی گشتگیر كە لە ڕێگەیەوە بتوانرێت گفتوگۆی گومانسازانی پێبكرێت بە شێوازێكی چەسپاو و بەهێز؛ هەربۆیە من زیاتر جەخت دەكەمەوە لەسەر بنەما و بنچینە گشتییەكان كە لە ڕێگایانەوە باسی

جوانییەكانی ئیسلام دەكرێت. لەم پەرتووكەدا باسی جوانییەكانی ئیسلام ناكەم بە شێوازێكی درێژ بۆ بابەتەكانی پاك و خاوێنی و نوێژ و ژن و ژنخوازی و لێك جیابوونەوە و...هتد. هەروەها بە درێژی باسی جوانییەكانی بیر و باوەڕ ناكەم - بەڵام ئاماژەی پێدەدەم - كەواتە ئەم پەرتووكە مەبەست لێی پشكنین و دەرخستنی ورد نییە بۆ جوانییەكانی ئیسلام، بەڵكوو مەبەست لێی باسكردنی چەند تێڕوانینێكی زانستی و مەنهەجییە كە لە ڕێیانەوە خوێنەر دەتوانێت دەربارەی جوانییەكانی ئیسلام بدوێت.

هەر خودا یارمەتیدەر و پشت و پەنامانە

# تێڕوانینە زانستییەکان کە پەیوەندیدارن بە جوانییەکانی ئیسلامەوە

## تێڕوانینی زانستی یەکەم :

## تێڕوانینی گشتگیر بۆ مرۆڤ، گەردوون و بوون

ئەم ئایینە بەشکۆ و مەزنە هەست بە جوانییەکانی ناکەین، بەڵکوو ناگەین بە جوانییەکانی ئیلا لە ڕێگەی تێڕوانینییەوە نەبێت بۆ گەردوون، بوون، دونیا، دوارِۆژ، مرۆڤەکان و هەموو ئەو دروستکراوەنەی دیکەش کە لەسەر زەویین.

کاتێك لە زۆرێك لە شوبهە و گومان و گیروگرفتەکان دەڕوانیت دژ بە ئەحکامە شەرعییەکان، بۆت دەردەکەوێت هەڵقوڵاوە لە جیاکردنەوە و بەش بەشکردنی تێڕوانین بۆ مرۆڤ و ژیان و بوون. هەڵقوڵاوە لە تێنەگەشتن لە تەواوکاری لە نێوان ئەحکامە شەرعییەکان کە چوارچێوە ماددییەکانی تێپەڕاندووە.

خودای بێهاوتا کاتێك پێویستی کردووە باوەڕداران لە شەو و ڕۆژێکدا پێنج نوێژ ئەنجام بدەن، کاتێك فەرمانی پێکردوون زەکاتی ماڵەکانیان بدەن، کاتێك واجبی کردووە ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگرن، کاتێك فەرزی کردووە حەجی ماڵەکەی بکەن، ئەم کار و

کردەوانەی پێویست نەکردووە بە شێوازێك کۆمەڵێك واجیبات بن مرۆڤی باوەڕدار هەستێت بە ئەنجامدانی بەبێ ئەوەی لە واتا و حیکمەت و ئامانجەکانی بگات، بەبێ ئەوەی لە حیکمەتی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و بەدیهێنەرەکەی بگات، ئایا خودا نەیفەرمووە: ﴿...وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ لِذِكۡرِيٓ ١٤﴾ طه: ١٤ واتە: بۆئەوەی یادی من بکەن لە نوێژەکانتاندا [١].

مسوڵمانان نوێژەکانیان ئەنجام دەدەن بۆئەوەی یادی خودای باڵادەست بکەن[٢]. بەهەمان شێوە دەربارەی حەجکردن پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (( إِنَّمَا جُعِلَ الطَّوَافُ بِالْكَعْبَةِ وَبَيْنَ الصَّفَا وَالْمَرْوَةِ، وَرَمْيُ الْجِمَارِ لِإِقَامَةِ ذِكْرِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ ))[٣].

واتە: پێویستکراوە تەوافی کەعبە بکرێت و هاتووچۆی نێوان سەفا و مەڕوە بکرێت و ڕەمی جیهاڕ بکرێت[٤]؛ بۆئەوەی یاد و ناوی خودا بە بەرز و شکۆمەند ڕابگیرێت.

لەگەڵمدا بڕوانە ئەم وتەیە کە پیشاندەری ئەم بابەتە زانستییەیە:

(( تەنها ئیسلامە دەتوانێت ژیانی مرۆڤەکان ڕێکبخات لە هەموو ڕوانگەیەکەوە بێ جیاوازی. ئیسلام مامەڵەی لەگەڵ ڕوانگەکانی ژیانی مرۆڤدا ناکات بە شێوازێکی پارچە پارچە و دوور لەیەك،

---

(١) تفسير الطبري (١٦/٣٣) .

(٢) الطريق إلى القرآن، دانراوي: إبراهيم السكران (لا:٩١) .

(٣) پێشەوا ئەبو داود، (١٨٨٨) و پێشەوا ترمزی (٩٠٢) گێڕاویانەتەوە، پێشەوا ترمزی فەرموویەتی: فەرموودەیەکی سەحیحە.

(٤) لە کوردەواریدا پێی دەوترێت: شەیتان ڕەجم. (وەرگێڕ).

بەڵکوو تێڕوانینێکی تەواوکاری گشتگیری هەیە بۆ خوداپەرەستی و بوونەوەر و ژیان و مرۆڤەکان. هەموو لایەنە لاوەکییەکان دەگێڕێتەوە سەر ئەم تێڕوانینە گشتگیرە، هەموو بیرۆکە و تیۆر و تەشریعات و عیبادات و کڕین و فرۆشتن و حودودە شەرعییەکان دەبەستێتەوە بەم تێڕوانانەیە تەواوکارییە گشتگیرەوە. بۆچوون و کێشەکان چارەسەر ناکات بەتەنها و دوور لەڕوانین لە کێشە و گرفتەکانی دیکە))

زانین و شارەزابوونی ئەم تێڕوانینە تەواوکارییە گشتگیرە کاری لێکۆڵەر ئاسان دەکات، بۆ تێگەشتن لە بنەما و یاسا و ڕێساکانی ئیسلام، پارمەتیدەری دەبێت بۆ گێڕانەوەی بابەتە لاوەکییەکان بۆسەر بابەتە گشتی و بنەماکان، ئەمە وای لێ دەکات هەست بە تام و چێژی لێکۆڵینەوە و گەڕان و پشکنین بکات، وە تێبینی ئەوە بکات هەموو بابەت و باس و خواسەکان پەیوەندیدارن بەیەکەوە، بەڵکوو تەواوکاری یەکدین، فێری ئەوەی دەکات هەموو کار و تێڕوانینێك بۆئەوەی خاوەن بەرهەم بێت پێویستە گشتگیر و تەواکار بێت.

لێکۆڵەر پێش ئەوەی بەدوای بۆچوونیدا بگەڕێت دەربارەی حوکمی خودا، یان ئابووری و ماڵ وسامان، یان پەیوەندی نێوان تاك و نەتەوەکان لە ئیسلامدا پێویستە زۆر بەڕوونی لە تێڕوانینی ئیسلام تێبگات دەربارەی بوونەوەر و ژیان و مرۆڤ؛ چونکە ئەو بابەتانە و هەموو بابەتە لاوەکییەکانی دیکە بونیاتنراون لەسەر ئەم بابەتە تەواوکارییە گشتگیرە. پاشان باسی سەرچاوەی ڕاست و دروست دەکات بۆ تێگەشتن لە تێڕوانینی ئیسلام دەربارەی

بوونەوەر و ژیان و مرۆڤ، فەرموویەتی: ((تێگەشتن لە تێڕوانینی ئیسلام دەربارەی بوونەوەر و ژیان و مرۆڤ بەدەست نایەت لەلای ئیبن ڕوشد، یان ئیبن سینا، یان فارابی، یان هاوشێوەکانیان ئەوانەی پێیان دەوترێت (فەیلەسوفی ئیسلامی)، چونکە لەڕاستیدا فەلسەفەی ئەمانە سێبەرە بۆ فەلسەفەی ئیغریقی؛ نامۆیە بە ڕۆحی ئیسلام. ئیسلام تێڕوانینی ڕەسەن و بێخەوش و کامڵی هەیە کە لە قورئان و فەرموودە و ژیانی پێغەمبەرەوەﷺ وەردەگیرێت. ئەم سەچاوانەش بەسن بۆ هەر لێکۆڵەرێك بچێتە بنجوبناوانی باسەکان بۆ ئەوەی لە تێڕوانینی گشتگیری ئیسلامی تێبگات کە بنەمایە بۆ هەموو بابەتەکانی ڕێنمایی و تەشریعات و کڕین و فرۆشتن و... هتد))[1].

ئەمەی باسکرا بریتییە لە یەکەم بابەتی زانستی بۆ بونیاتنانی تێگەیشتنێکی دروست لە جوانییەکانی ئیسلام، بەبێ ئەم بنەمایە ناتوانین لە جوانی و شکۆی تەشریعات و ئەحکامەکانی ئیسلام بەگەین.

(١) العدالة الاجتماعية في الإسلام، دانراوی: سید قطب (لا:٢٠).

ASTANA

## تێڕوانینی زانستی دووەم :

## تێگەشتن لە ناوەڕۆک و حەقیقەتی پەرستش لە ئیسلامدا

ناتوانین لە جوانییەکانی ئیسلام تێبگەین بەبێ تێگەشتن لە ناوەڕۆك و حەقیقەتی پەرستش بۆ خودای پەروەردگار. ناشتوانین لە ناوەڕۆك و حەقیقەتی پەرستش تێبگەین بەبێ گەڕانەوە و تێگەشتنی ئەو دەقانەی قورئان و فەرمووده کە باسی ناوەڕۆك و حەقیقەتی عیبادەت و پەرستش دەکەن، و بەبێ گەڕانەوە بۆ وتەی ئەو زانایانەی گرنگیانداوە بە ئاشکراکردن و دیارخستنی ئەم لایەنە لە ژێر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا، پاشان بەڕوناکی ئەم پێوەرانە و دوور لە کورتهەڵهێنان لەسەر لایەنی بیرەکی و نەزەری دەتوانین تێگەشتنێکی ڕاست و دروست بونیاد بنێین.

ڕوانین لە پەرستش کە گوایە بریتییە لە: کۆمەڵێك کار و کردەوە و نەریت بەبێ ملکەچی و فەرمانبەرداری و خۆشەویستی دڵ بۆ مەعبود[١]، یان بریتییە لە: ترس و دڵەڕاوکێ و فەزەع بەبێ خۆشەویستی و ئومێد بوون. یان بریتییە لە: خۆشەویستی و عیشق و فەنابوون بەبێ ترس و هەیبەت و ملکەچی و خۆبەکەمزانین و فەرمانبەرداری بۆ خودا. هەموو ئەمانە نامانگەیەنێت بە تێگەشتنی دروست لە واتای ڕاست و دروستی تەعەبود و پەرستش بۆ خودا.

---

(١) (مەعبود) واتە: پەرستراو، لێرەدا مەبەست پێی خودایە. (وەگێڕ).

ASTANA

عبودییەت و پەرستش جوانی و ڕازاوەییەکی وای هەیە لە ئیسلامدا، مرۆڤ ڕادەوەستێنێت لە کەناری گەردووندا بە سەرسامی و حەپەساوییەوە دەڕوانێت لە نور و درەوشاوەیی حەقیقەت و ڕاستییەکان کە بە چاوی خۆی دەیبینێت. نەچەشتنی شیرینی عیبادەت و ملکەچی و فەرمانبەرداری و خۆشەویستی خودا یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی کاریگەربوون بە شوبهە و گومانەکان دژ بە بوون و کامڵی خودا، پاشان هەنگاونان بەرەو ئیلحاد و نکۆلێکردن.

لێرەدا ئەزموونێکی گەوهەر ئاسا لەم بوارەدا باس دەکەین کە زانایەکی کەم وێنە باسیکردووە ئەویش: (د. فەرید ئەنساڕی) یە ڕەحمەتی خودای لێبێت لە پەرتووکی (جمالية الدين) باسی قۆناغەکانی تێگەشتنی لە ناوەڕۆك و حەقیقەتی خوداناسی و پەرستش دەکات. چۆن سەرەتا بەشێوازێکی کورت و کرچوکاڵ لێی تێگەشتووە، پاشان چووەتە قۆناغی تێگەشتنی جوڵانەوەی ئیسلامی و بەرگریکردن لێیان، لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت: نەگەشتووە بە تام و چێژی حەقیقی ئیمان و تەعەبود، هەتاوەکو یەکێك لە مامۆستاکانی ڕایدەگرێت لەسەر واتای (الإله) خودا و (التألّه) خوداپەرەستی، دەفەرمووێت: ((دەستمکرد بە پێداچوونەوە بۆ هەموو ژیانم، بۆم دەرکەوت شتێك هەیە ناوی (چێژی ئیمان)ە، ئەم چێژی ئیمانە بەکرداری هەستی پێدەکرێت نەك بەبیرەکی و زانین، بە حەقیقەت نەك بە ئەندێشە! پاشان گەڕامەوە سەر قورئانی پیرۆز، بینیم ئێجگار دوورم لە ڕازەوەیی و جوانییەکانی. گەڕامەوە سەر فەرموودەکان، بینیم من یەکێکم لە دوورترین کەسەکان لە ئەخلاق و ڕەوشتی پێغەمبەرﷺ. گەڕامەوە سەر ئەو پەرتووکانەی پێشتر

ASTANA

خوێندبووم لە بواری عەقیدە و بیر و باوەڕ، بینیم چەندین پەڕاوی پرشنگداری تێدایە من پێشتر بەسەریدا تێپەڕی بووم وەك نابینا، ئەمەش بەهۆی ئەو تێگەشتن و بیرکردنەوەیەی کە پەردەی هێنابوو بەسەر چاوەکانمدا هەتاوەکو وەك ئەوەی پێشتر نەمخوێندبێت.

دەڵێم: ئەم ڕووداوە کتوپڕە ئەوەندەی ئیمانی و ویژدانی بوو ئەوەندە زانستی و عیلمی نەبوو، پێشتر ئەم دەستەواژانەم دەخوێندەوە: (خۆشەویستی (المحبة) - شەوق و ئارەزوو (الشوق) - ترس و خەوف (الخوف) - ئومێد و ڕەجا (الرجاء)، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ سودێك بە ژیانەوەی دڵم بگەیەنێت)).(١)

(د. فەرید) باسی ئەوە دەکات ئەو تێگەشتنی پێشووی تۆمەتبار ناکات، بەڵکوو دەفەرمووێت: بارودۆخی فێربوون زۆر خراپ بوو، بۆئەوەی ئەم بابەتە ناڕوونی نەمێنێتەوە یەکێك لە وتەکانیتان بۆ باس دەکەم لەسەر لێکدانەوەی وشەی (الإله) و، (التألّه) و (التعبد)، دەفەرمووێت: (وشەی (إله) لە بنەمای بەکارهێنانیدا لە ڕووی زمانەوانییەوە وشەیەکە لە دڵەوە هەڵدەقوڵێت و وێژدان و سۆز دادەپۆشێت، واتە: یەکێکە لەو وشانەی گوزارشت دەدات لە دۆخی ناو دڵ، وەك وشەکانی: خۆشەویستی و ڕقلێبوون و خۆشحاڵی و خەمباری و دڵشکان و شەوق و ئارەزوو و ویست و حەز و...هتد).

بنەمای وشەی (إله) لە زمانی عەرەبیدا بریتییە لە: (أَلَهَ الفَصِيْلُ، يَأْلَهُ أَلَهاً)، الفَصِيْلُ: بریتییە لە بێچووی حوشتر کاتێك لە شیر

---

(١) جمالية الدين: معارج القلب إلى حياة الروح، دانراوی: د. فەرید ئەنصاری (لا:٤٠).

دەیبڕنەوە و لە دایكی جیادەكەنەوە، لە پەچەپەكدا دەهێڵرێتەوە، دایكیشی دەردەكەن بۆ لەوەڕگا، هەتاوەكو شەوق و دووری دایكی زۆری بۆ دێنێت و ئێجگار ئارەزووی دەكات. ئەو بێچووە وا چەند ڕۆژێكە لە شیربڕاوەتەوە، ئیتر دەست دەكات بە ناڵە و هاوارێك زۆر لە گریان دەچێت، ئا لەو كاتەدا دەوترێت: (أَلِهَ الفَصِيْلُ) كاتێك شەوق و ئارەزووی دایكی وای لێبكات دەست بكات بە ناڵە و گریان. دایكی بێچووەكە لێرەدا لە ڕووی زمانەوانییەوە پێی دەوترێت (إلٰهُهُ) واتە: ئەوەی شەوق و ئارەزووی بۆلادەكرێت. شاعیریش دەڵێت: أَلِهْتُ إِلَيْهَا وَالرَّكَائِبُ وُقَّفٌ)) [(١)].

پاشان دەفەرمووێت: ((بەم شێوازە دەبینیت بنچینەی هەردوو وشەی (أَلِهَ) و (وَلِهَ) لە دڵەوە هەڵدەقوڵێت، بە كورتی واتە پەیوەست بوونی هەست و سۆز و خۆشەویستی دڵ. كەواتە كاتێك باوەڕدار دەڵێت: (لا إِلٰهَ إِلَّا اللّٰه) بریتییە لە دەربڕینی ئەو هەست و سۆزەی دڵی داپۆشیووە لە پەیوەست بوونی بە خوداوە. واتە: هیچ خۆشویستراوێك نییە جگە لە خودا. هیچ ترس و ڕەهبەتێك بۆ غەیری خودا نییە. هیچ شتێك نیشتەجێی شارستانییەتی دڵی نییە خوداویستی نەبێت. حاڵی باوەڕدار زۆر لە حاڵی ئەو بێچووە دەچێت كاتێك لە شیر دەیبڕنەوە، ئەویش دەست دەكات بە ناڵە و گریان بۆلای دایكی؛ ئاخر چونكە هەستی بە ئازاری لێكجیابوونەوە و دووری خۆشەویستەكەی كردووە. بڕواداریش كاتێك شاهیدی دەدات و دەڵێت: (لا إِلٰهَ إِلَّا اللّٰه) داندەنێت بەو شاهێدیەدا كە

---

(١) سەرچاوەی پێشوو (لا:٣٤) .

ASTANA

خۆی پەیوەستی غەیری خودا ناکات، خۆشەویستی و گوێڕایەڵی و ملکەچی و فەرمانبەرداری تەنها بۆ خودایە. بەندایەتی و عوبودییەتی تەنها بۆ خودایە، بەخوا ئەمەش شایەتیدانێکی ئێجگار مەزن و پڕبەهایە، چونکە ئیقرارکردن و داننانە بە هەست و سۆزێکدا هیچ کەسێك ئەندازەی ڕاستگۆییەکەی نازانێت خودا خۆی نەبێت، پاشان ئەو ناخەی ئەم شیرینییەی چەشتووە.

واتاکانی دڵ گوزارشتی لێنادرێت بە وشە و ڕستە، هەربۆیە شایەتومان: (لا إِلٰهَ إِلَّا اللّٰه) ناسکی و نەرمونیانییەکی تێدایە هەستی پێناکرێت ئیلا لە ڕێگەی چەشتنەوە نەبێت)) (١).

پاشان وتەیەکی بەنرخی پێشەوا (ئیبن قەیم)مان بۆ باس دەکات دەربارەی خۆشەویستی. دەفەرمووێت: ((ئەگەر باس و خواسی مەحەبەت و خۆشەویستی هەڵبوەشێنرێتەوە، ئەوە هەموو پایەکانی ئیمان و ئیحسان هەڵدەوەشێتەوە. بەها و مەنازیلی ڕێگای ڕووە و خوداش هەڵدەوشێتەوە. بێگومان خۆشەویستی ڕۆحی هەموو بنەماکانی ئیسلام و گشت کار و کردوەکانە، کاتێك خۆشەویستییان لێ جیابکرێتەوە وەك لاشەیەکی مردوویان لێ دێت. گرنگی خۆشەویستی لە کار و کردەوەکاندا وەك گرنگی ئیخڵاس و نییەت خاوێنییە، بەڵکوو خۆشەویستی ناوەڕۆك و حەقیقەتی ئیخڵاسە. بەڵکوو ئیسلام بریتییە لە خۆشەویستی؛ چونکە ئیسلام بریتییە لە ملکەچی و فەرمانبەرداری و بەندایەتی و عوبودییەتی و خۆشەویستی و گوێڕایەڵی خودا، هەر کەسێکیش خۆشەویستی

---

(١) سەرچاوەی پێشوو (لا:٣٥ ـ ٣٦).

خودای لە دڵدا نەبێت ئیسلامەتییەکەشی تەواو نییە. بەڵکوو خۆشەویستی بریتییە لە ناوەڕۆك و حەقیقەتی شایەتوومان: (لا إِلٰهَ إِلَّا اللّٰه) چونکە وشەی (إِلٰهَ) بریتییە لەوەی بەندەکانی دەیپەرستن بە ملکەچی و فەرمانبەرداری و عوبودییەتی و خۆشەویستی و گوێڕایەڵی و ئومێدبوون و...هتد ەوە. پەرستراویش بریتییە لە (مَأْلُوه) ئەوەی دڵەکان خۆشی دەوێت و ئارەزووی دەکات و ملکەچییەتی)).[١]

مەبەستیش لەم بابەتە ئەوەیە بەتەواوی لە ئیسلام تێناگەین، هەتاوەکو لە واتای تەعەبود و پەرستش تێنەگەین، هەتاوەکو هەست بەو شعور و باوەڕە نەکەین کە لە مرۆڤدا دروست دەبێت کاتێك عیبادات و پەرستشەکان وەك خۆی جێبەجێ دەکات. هەر بۆیە عیززی کوڕی عبدالسلام فەرموویەتی: ((مەبەستی سەرەکی لە عیبادەت و پەرستشەکان بریتییە لە بە گەورەدانان و ئیجلال و تەعزیمی خودا)).[٢]

ئەم تێگەشتنە کاتێك مرۆڤ هەستی پێکرد و شارەزای بوو بە جوانی، ئەوکات وێنەیەکی پرشنگدار و ڕازەوەی جوانییەکانی ئیسلام دەبینێت کە جوانترین و ڕازاوەترین واتاکانی هەست و سۆزی تێدایە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم ناسینە بەس نییە، بەڵکوو پێویستی بە چێژی کرداری هەیە، چونکە هەواڵ وەك بینینی چاو

---

(١) مدارج السالكين (٣/٢٦).

(٢) قواعد الأحكام في إصلاح الأنام (٢/١٢٥).

نییە[١]. ئیسلام سروشتێکی تایبەت بە خۆی هەیە جیاوازە لە سروشتی هەر بۆچوونێکی بیرەکی کە خاوەنەکەی باوەڕی پێیەتی؛ چونکە هەر کەسێك عیبادەت و پەرستشی خودا جێبەجێ بکات بەو شێوازەی داوای لێکراوە بە زانین و تێگەشتنەوە، ئەوە خودای باڵادەست جوانی و ڕازەوەی ژیان و ڕوناکی و ئارامی و کامەرانی دڵ و دڵنیایی ڕۆح و دەرونی پێدەبەخشێت بە شێوازێك ناتوانرێت بە وشە گوزارشتی لێبدرێت، هەروەك چۆن یەکێك لە خواناسان فەرموویەتی: ((ئێمە هەست بە چێژ و کامەرانی و ئاسوودەیی و خۆشحاڵییەك دەکەین ئەگەر دەسەڵات دارەکان بیانزانیایە لە چ حاڵێکداین بە شمشێر شەڕیان لەگەڵ دەکردین لەسەری)).

(١) دەوترێت: (ليس الخبر كالمعاينة) واتە: کەسێك شتێك بە چاو ببینێت هەرگیز وەك ئەو کەسەنییە کە هەواڵیان پێداوە دەربارەی ئەو شتە؛ چونکە ئەوەی بەچاو بینیویەتی تەواو دەرك بە هەموو ڕوانگەکانی دەکات و دیمەن و وێنەکان وەك خۆی دەبینێت، بەڵام ئەوەی هەواڵی پێدراوە ناتوانێت وێنە و دیمەنەکان وەك خۆی ببینێت. (وەگێڕ).

ASTANA

## تێڕوانینی زانستی سێیەم :

## جوانییەکانی ئیسلام لە بەڵگە و بورهاندا

یەکێك لە گرنگترین بابەتەکان کە کەسی لێکۆڵەر ڕادەوەستێنێت لەسەر جوانی و درەوشاوەیی و جیاوازی ئیسلام، بریتییە لە ڕوانین لەو بەڵگە و بورهانانەی کە چەسپێنەری ڕاستی و دروستی ئیسلامە[١] بە بەراورد لەگەڵ بەڵگە و بورهانی هەر باوەڕێکی دیکە لەسەر ڕووی زەوی.

ئیسلام پشتگیری لێکراوە بە کۆمەڵێك بەڵگە و بورهانی ڕاستی حاشاهەڵنەگری ڕوون لەسەر بنچینە و بنەماکانی، ئەمەش بە دەست ناکەوێت لەسەر هیچ ئایین و بیر و باوەڕێکی دیکە.

فەرموو بە هەر شێوازێك پێتخۆشە لێکۆڵینەوە بکە دەربارەی بەڵگەکان لەسەر ئایینەکانی دیکە. بڕوانە تاچەند بەڵگەکانیان ڕاست و حاشاهەڵنەگر و ڕوون و بێ گرێ و گۆڵە، پاشان هەمان لێکۆڵینەوە بکە لەسەر ئایینی ئیسلام ئەوکات بەبێ ماندووبوون بۆت ڕووندەبێتەوە ئیسلام لە چ شکۆ و بڵندی و مەزنییەکدایە.

ئەگەر بمانەوێت دەربارەی بنەمایەك لە بنەماکانی هەر ئایینێك لێکۆڵینەوە بکەین وەك نموونەیەك بۆ وتەکەی سەرەوە، بۆ وێنە با

---

(١) یەکێك لە باشترین پەرتوکەکان لەم بوارەدا پەرتوکی (أصول دلائل الإسلام)ە، داواکارم خودای بەخشندە کارئاسانیهان بۆ بکات بۆ ئەوەی وەربگێڕینە سەر زمانی کوردی. (وەرگێڕ) .

بڕوانینە: (ڕاستی و پارێزراوێتی پەرتوکی ئایینەکان).

لە ئایینی ئیسلامدا دەبینیت ئەو بەڵگانەی چەسپێنەری ڕاستی و پارێزراوێتی قورئانی پیرۆزن لە ژمارە نایەن. بەڵگە و بورهانەکان لەسەر ڕاستێتی گەشتنەوەی قورئان بە زاری پێغەمبەرﷺ، و ڕاستێتی گەشتنەوەی بە خودای بێهاوتا ئێجگار زۆرن مرۆڤ ماندوو دەبێت لە ژماردنیان. بەڵکوو دەبینیت جۆرێك لە بەڵگەکانی ڕاستی و پارێزراوێتی قورئان ژمارەیەکی زۆر پەرتووك و دانراوی لەسەر نوسراوە، بۆ نموونە ئەوەی زانایانی وەك (پێشەوا خەتتابی و جورجانی و باقلانی) و جگە لەمانیش نووسیویانە دەربارەی ئیعجازی قورئانی پیرۆز، بەڵکوو ئەگەر تەنها پەرتووکی ( النبأ العظیم ) دانراوی: (د. موحەممەد عەبدوڵا دەڕاز) هەبووایە لەم باسەدا ئەوە بەس بوو. لەگەڵ ئەوەی بابەتی ئیعجازی قورئانی پیرۆز تەنها جۆرێکە لە بەڵگەکان لەسەر ڕاستی و پارێزراوێتی قورئان، بەهەمان شێواز ئەو پەرتووکانەی نووسراون دەربارەی پارێزراوێتی و کۆکردنەوە و موتەواتیر بوون و قورئان خوێنە ناودارەکان و وتنەوە و گەیاندنی قورئانی پیرۆز.

ئەگەر ئەمە بەراورد بکەیت بە دیارترین پەرتووکی ئاسمانی کە ئەویش ناسراوە بە ( الکتاب المقدس) ئەوکات دەبینیت جیاوازییەکە ئێجگار گەورەیە دەربارەی ڕاستی و پارێزراوێتی.

خۆ ئەگەر هەنگاو هەڵگرین بەرەو چوارچێوەی بێدینی، ئەو کات دەبینیت ئەو بەڵگانەی پشتی پێدەبەستن دەربارەی بنەماکانیان ئێجگار لاواز و پوچە، بەهێزترین بەڵگە لەلایان بۆ چەسپاندنی

ASTANA

بیر و باوەڕیان بریتییە لە کۆمەڵێك بیردۆزی دژبەیەکی جیاوازی شپرزە، لە بەرانبەردا زۆربەی هەرە زۆری کار و کردەوەیان بریتییە لە نکۆڵیکردن و هەوڵدان بۆ ڕوخاندنی بیر و باوەڕی بەرانبەر بە بڵاوکردنەوەی ڕەخنە و شوبهە و گومانەکان، بەڵام لایەنی ئیسپاتکردنیان زۆر فشۆڵ و بێهێزە. زۆرێك لە مولحیدەکان لایەنی ئیسپاتکردنیان نییە [واتە: باوەڕێك یان فکرەیەکیان لا نییە بتوانن بەڵگە بهێننەوە لەسەری] بەڵکوو ئەوپەڕی کارێك بتوانن بیکەن بریتییە لە نکۆڵیکردن؛ چونکە ئەوان مشەخۆری سەر شوبهە و گومانەکانن، بیر و باوەڕەکەشیان ئەگەر لەسەر زۆنگاوی شوبهە و گومانەکان نەژی ئەوکات شتێك نییە شایەنی باسکردن بێت.

**بەکورتی:** ئەم بابەتە زانستییە یەکێکە لە بە بەهاترین جوانییەکانی ئیسلام کە بە دیارخەری ڕاستی و دروستییەتی، کاتێك ڕاستی و دروستی و پارێزراوێتی ئیسلام جێگیربوون ئەوکات دەتوانین جوانییەکانی بە درێژی باس بکەین.

ASTANA

## تێڕوانینی زانستی چوارەم :

### ڕوونی باوەڕی ئیسلامی دەربارەی بەدیهێنەر

لە توڕاسی هیچ ئوممەتێکی خاوەن ئایین هێندەی ئیسلام گەورەیی و مەزنی و شکۆمەندی بۆ خودا دانەنراوە، بەهەمان شێواز لە هیچ باوەڕێکدا هێندەی ئیسلام خودا بە پاك ڕانەگیراوە لە نەقس و کەموکوڕی.

کەواتە ئیسلام جیاوازە لە هەموو باوەڕەکانی دیکە بەهۆی ڕوونی عەقیدەی ئیسلامی سەبارەت بە (الإله) خودا. لەڕووی سیفاتی جوان و کەماڵەوە، هەربۆیە ئەقڵی مرۆڤ هیچ گرانییەك نابینێت لە وەرگرتنی عەقیدەی ئیسلامی دەربارەی خودای پەروەردگار. ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو خوڕافیات و ئەفسانە و داستانی پێشینانەی لە باوەڕی زۆرێك لە مرۆڤەکاندا هەیە دەربارەی خودا. ئەم بابەتە یەکێکە لە ڕوونترین و ئاشکراترین بابەتی عەقیدەی ئیسلامی، بەڵکوو ڕوونترین و ئاشکراترین بابەتە. بەڵگە هێنانەوە لەسەری ماندووبوونی ناوێت؛ چونکە قورئانی پیرۆز لە سەرەتاوە تاوەکو کۆتایی هەمووی باسی شکۆمەندی و گەورەیی و مەزنی و پاکی و بێگەردی خودایە، ئەو سووڕەتەی پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی گەورەترین سووڕەتی قورئانە[١] سەرەتا بە سوپاس و ستایش و داننان

---

(١) مەبەستی نووسەر سووڕەتی فاتیحەیە، هاوەڵی بەڕێز ئەبو سەعیدی کوڕی موعەللا (ڕەزای خودای لێبێت) فەرموویەتی: پێغەمبەری خودا ﷺ پێی فەرمووم: پێش ئەوەی لە مزگەوت بچینەدەرەوە پێت دەڵێم گەورەترین سووڕەتی قورئان کامەیە. پاشان

بەوەی تەنها خودا بەدیهێنەری جیهانیانە دەست پێدەکات. باسی ئەوە دەکات تەنها خودایە خاوەنی ڕۆژی پاداشت و سزا. پاشان پەیوەندی نێوان خالیق و مەخلوق دیاردەکات کە بونیادنراوە لەسەر تەعزیم و شکۆمەندی و گەورەیی و مەزنی بۆ خودا، کە نابێت شتێکی دیکە بپەرسترێت جگە لە خودا، نابێت داوای یارمەتی و کۆمەکی بکرێت لە غەیری خودا، ئەمە واتای گەورەترین سووڕەتی قورئانە.

بەهەمان شێواز گەورەترین ئایەت لە قورئانی پیرۆزدا کە (آية الكرسي)ە هەمووی باسی وەسف و سەنای خودایە، بەڵکوو لە هیچ ئایین و باوەڕێکدا شتێك بەدی ناکرێت وەك (آية الكرسي)[(١)] شکۆمەندی و گەورەی و مەزنی بۆ خودا دابنێت.

بە صەحیحی لە پێغەمبەرەوەﷺ جێگیربووە، فەرموویەتی: ((أَنَّ فِي الْقُرْآنِ سُورَةً تَعْدِلُ ثُلُثَ الْقُرْآنِ))[(٢)]

---

دەستی گرتم و ڕووەو دەرگای مزگەوتەکە چووین، کاتێك خەریك بوون بچینەدەرەوە، وتم: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووتان: پێش ئەوەی لە مزگەوت بچینەدەرەوە پێت دەڵێم گەورەترین سووڕەتی قورئان کامەیە. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾ الفاتحة: ٢. پێشەوا بوخاری (٤٤٧٤) و پێشەوا ئەبو داود (١٤٥٨) و پێشەوا نەسائی (٩١٣) و پێشەوا ئیبن ماجە (٣٧٨٥) و پێشەوا داریمی (١٥٣٣) و پێشەوا ئەحمەد (١٥٧٣٠) گێڕاویانەتەوە. (وەرگێڕ) .

(١) بۆ تێگەشتن و هەستکردن بە ناسکی و ڕازاوەیی و شیرینی و تام و چێژی (آية الكرسي) بڕوانە پەرتووکی: (مدارسات فى الهدى المنهجي لآية الكرسي ) دانراوی: د. فەرید ئەنساری. (وەرگێڕ) .

(٢) واتای ئەم فەرموودەیە بەچەند دەربڕینێکی جیاواز هاتووە لەوانە: پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((﴿ قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ﴾ تَعْدِلُ ثُلُثَ الْقُرْآنِ )) پێشەوا ترمزی (٢٨٩٩) و پێشەوا ئیبن ماجە (٣٧٨٧) و پێشەوا داریمی ( ٣٤٧٦) و پێشەوا ئەحمەد (١٧١٠٦) گێڕاویانەتەوە .

واتە: خوێندنی سوورەتی ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١﴾ پاداشتی سێ یەکی قورئانی هەیە .

پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((أَيَعْجِزُ أَحَدُكُمْ أَنْ يَقْرَأَ فِي لَيْلَةٍ ثُلُثَ الْقُرْآنِ؟ قَالُوا: وَكَيْفَ يَقْرَأُ ثُلُثَ الْقُرْآنِ؟ قَالَ: ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١﴾ تَعْدِلُ ثُلُثَ الْقُرْآنِ)) پێشەوا موسلیم (٨١١) گێڕاویەتیەوە .

واتە: ئایا ناتوانن لە شەودا سێ یەکی قورئان بخوێنن؟ هاوەڵان فەرموویان: چۆن لەشەودا سێ یەکی قورئان بخوێنین؟ پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١﴾ وەك سێ یەکی قورئان وایە [واتە: هەرکەسێك سوورەتی ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١﴾ بخوێنێت وەك ئەوە وایە سێ یەکی قورئانی پیرۆزی خوێندبێت کە دەکاتە دە جوزء].

لەوانەیە بوترێت: باشە ئیتر بۆچی خۆمان ماندوو بکەین و دە جوزء بخوێنین، یان بۆچی خۆمان ماندوو بکەین و هەموو قورئان بخوێنین، سێ جار سوورەتی ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١﴾دەخوێنین ئەمە وەك ئەوە وایە قورئانمان خەتم کردبێت.

وەڵام: بەڵێ هەرکەسێك سوورەتی ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١﴾ بخوێنێت وەك ئەوە وایە سێ یەکی قورئانی خوێندبێت، هەر کەسێکیش سێ جار سوورەتی ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١﴾ بخوێنێت پاداشتی خەتمێکی بۆ دەنوسرێت، ئەمەش فەزڵ و منەتی خودایە بەسەر ئوممەتی موحەممەددەوە ﷺ خودای بەخشندە قەرەبووی کەمی تەمەنی بۆ کردووینەتەوە بە پاداشتی زۆر لەسەر کار وکردەوەی کەم.

بەڵام جیاوازی هەیە لە نێوان (الجزاء) واتە: پاداشت، لەگەڵ ( الإجزاء) واتە: شوێنگرتنەوە، (الجزاء) بریتییە لەو پاداشتەی خودا دەیدات بەکەسێك لەسەر تاعەت و عیبادەتێك. (الإجزاء) بریتییە لەوەی شتێك شوێنی غەیری خۆی بگرێتەوە.

خوێندنی سوورەتی ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١﴾ پاداشتی خوێندنی سێ یەکی قورئانی پیرۆزی هەیە، نەك شوێنی سێ یەکی قورئان بگرێتەوە، بۆ نموونە کەسێك لەسەر خۆی نەزر بکات سێ یەکی قورئان بخوێنێت بەتەنها خوێندنی سوورەتی ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١﴾نەزرەکەی نایەتەجێ؛ چونکە خوێندنی سوورەتی ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١﴾ پاداشتی سێ یەکی قورئانی هەیە نەك شوێنی سێ یەکی قورئان بگرێتەوە.

بەهەمان شێواز کەسێك سێ جار سوورەتی ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١﴾ بخوێنێت پاداشتی خەتمێکی بۆ دەنوسرێت نەك شوێنی خوێندنی هەموو قورئان بگرێتەوە، بۆ نموونە: کەسێك لە نوێژەکەیدا سێ جار سوورەتی ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١﴾ بخوێنێت شوێنی خوێندنی سوورەتی فاتیحەی بۆ ناگرێتەوە، خۆ ئەگەر سوورەتی فاتیحەی نەخوێندبێت

ASTANA

واتە: لە قورئانی پیرۆزدا سوورەتێك هەیە وەك سێ یەکی قورئان

ئەوە نوێژەکەی بەتاڵە با سێ جاریش سوورەتی ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١﴾ خوێندبێت؛ چونکە خوێندنی سێ جار سوورەتی ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١﴾ پاداشتی هەموو قورئانی هەیە، نەك شوێنی هەموو قورئان بگرێتەوە.

وێنەی ئەمە لە شەرعدا وەك نوێژکردن وایە لە مزگەوتی مەککەی پیرۆز. بێگومان دوو ڕکات نوێژ لە مزگەوتی مەککەی پیرۆز پاداشتی سەد هەزار نوێژی هەیە، ئایا دەکرێت بوترێت کەسێك لە مزگەوتی مەککەی پیرۆز دوو ڕکات نوێژی کرد ئیتر با دەیەها ساڵ نوێژ نەکات لەبەر ئەوەی دوو ڕکات نوێژەکەی پاداشتی سەد هەزار نێژی هەیە؟! بێگومان نەخێر، چونکە دوو ڕکات نوێژ لە مەککەی پیرۆز پاداشتی سەد هەزار نوێژی هەیە نەك شوێنی سەد هەزار نوێژ بگرێتەوە.

پێشەوا (ئیبن تەیمییە) (ڕەحمەتی خودای لێبێت) فەرموویەتی: (( پاداشتەکان چەند جۆرێکن هەروەك چۆن ماڵ و سامان چەند جۆرێکی جیاوازە لە خواردن و خواردنەوە و پۆشاك و شوێنی حەوانەوە و پارەی کاش و جگە لەمانەش، کاتێك کەسێك خاوەنی یەك جۆر لەم جۆرانەی ماڵ و سامان بێت کە نرخەکەی بکاتە هەزار دیناریش ـ بۆ نموونە ـ ئەمە واتای ئەوە نییە بێ پێویست بێت لە جۆرەکانی دیکە لە ماڵ و سامان، بەڵکو کاتێك خاوەنی خواردن بێت لە هەمان کاتدا موحتاجی پۆشاك و شوێنی حەوانەوەش دەبێت، خۆ ئەگەر تەنها پارەی کاشی پێبێت ئەوە موحتاجی هەموو جۆرەکانی دیکەی ماڵ و سامانە، سوورەتی فاتیحە کۆمەڵێك سود تایبەتمەندی لە خۆ دەگرێت لە: سوپاس و ستایش و دۆعا و پاڕانەوە کە هەموو خەڵکی پێویستیان پێی دەبێت و لە سوورەتی ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١﴾ دا دەستیان ناکەوێت، هەرچەندە پاداشتی خوێندنی سوورەتی ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١﴾ زۆر گەورەشە، ئەم پاداشتە گەورەیە کاتێك سودی بۆ خاوەنەکەی هەیە [و نوێژەکەی دروستە] سوورەتی فاتیحەی لەگەڵ بخوێنێت، هەر بۆیە ئەگەر لە نوێژەکەیدا بەتەنها سوورەتی ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١﴾ بخوێنێت ئەوە نوێژەکەی دروست نییە، خۆ ئەگەر هەموو قورئان بخوێنێت جگە لە سوورەتی فاتیحە، ئەوە هەر نوێژەکەی دروست نییە ...)). (مجموع الفتاوی ١٣١/١٧) .

زانایان فەرموویانە جیاوازییەکی دیکەش هەیە ئەویش: هەرکەسێك سوورەتی ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١﴾ بخوێنێت جارێك ئەوە بەتەنها پاداشتەکەی وەك خوێندنی دە جوزء قورئانە، بەڵام کەسێك دە جوزء قورئان بخوێنێت ئەوە پاداشتی خوێندنی دە جوزء قورئانەکەی بۆ دەنوسرێت و بۆشی زیاد دەکرێت یەك بە دە بۆ یەك بە سەد بۆ یەك بە حەوسەد بۆ پاداشتی بێ حیساب بەپێی ئیخلاس و جوان خوێندنەوە و ماندووبوونی.

وایە، ئەویش سوورەتی ئیخلاسە.

کاتێك لەم سوورەتە دەڕوانیت بۆت دەردەکەوێت هەمووی گەورەی و مەزنی و شکۆمەندی و پاکوبێگەردی دانانە بۆ خودا.

لە بەرانبەردا کە دەڕوانیت لە هەر ئاینێکی دیکە دەربارەی تێڕوانینیان بۆ خودا ئەوە زۆر ماندووبوونی ناوێت بۆ زانینی جیاوازی لەگەڵ ئیسلامدا، بەڵکوو هەر خودی بەراوردکردنی ئیسلام بە ئایینەکانی دیکە زوڵم و ستەمە، [چونکە ڕەوانییە باوەڕی پاك وبێگەردی ئیسلامی بەراورد بکرێت بە هەر باوەڕێکی خوڕافی و ئەندێشە ئاسای دیکە].

ئایینی یەهودییەت و نەسڕانییەت هەرچەندە وەك ئەسڵ بونیاتنراون لەسەر توڕاسی پێغەمبەران، بەڵام دەبینیت بەهۆی دەستکاریکردنیان بەشێوازێکی زۆر خراپ و ناشایستە وەسفی خودا دەکەن. ئەمە لەم دوو ئایینەدا بەم شێوەیە بێت ئەوە لە ئایینەکانی دیکەدا هەر مەپرسە چۆن وەسفی خودا دەکەن.

لە توڕاسی یەهودییەتدا وەسفی خودایان کردووە بە کۆمەڵێك وەسفی ناپەسەند و ناشایستە.

لەوانە:

- خودا پەشیمان بووەتەوە لە هەندێك کار و کردەوە کە پێشتر ئەنجامی دابوون.

---

سودێك: ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خوێندنی سوورەتی ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١﴾ لە پێش نووستن سوننەتە. (وەرگێڕ).

ASTANA

- لەگەڵ پێغەمبەر یەعقوبدا بووە بە شەڕ و ناکۆکیان.

- دوای ئەوەی پێغەمبەر ئادەم لە بەری دارەکە دەخوات، خۆی لە خودا دەشارێتەوە خوداش ناتوانێت بیدۆزێتەوە.

ئەمانە و چەندین وتەی زۆر خراپ و ناشایستە دەدەنە پاڵ خودا.

بەنیسبەت نەسرانییەتەوە: چەمکی ناسینی خودا (الإله) لەلایان زۆر ئاڵۆز و نارِوونە. ئەمەش پێویستی بە ماندووبوونێکی ئێجگار زۆرە بۆ ئەوەی هەر تەسەور بکرێت، جگە لە پەرستن و خوایەتی دان بە پێغەمبەر عیسا - علیه السلام - هەرچەندە خۆشیان دان بەوەدا دەنێن لەناو سکی دایکیدا درووست بووە، و پاشان دەڵێن: لە سێدارەش دراوە! بیانوویان هەرچییەك بێت چۆن دەکرێت خودا لە سێدارە بدرێت و داوای یارمەتی لە هاوەڵەکانی بکات، خۆی توانای خۆقوتارکردنی نەبێت!

بەنیسبەت ئایینەکانی دیکەوە وەك: بوزی و هندۆسی و زەردەشتییەت و کۆنفۆشوسییەت، کاتێك لێیان بڕوانی دەربارەی چەمکی ناسینی خودا (الإله) جیاوازییەکی گەورە و ڕوون بەدیدەکەیت لە نێوان گەورەی و مەزنی و شکۆمەندی دانانی ئیسلام بۆ خودا و تێڕوانینی ئەمان بۆ خودا ناسی.

(موحەممەد مەزروعە) دەڵێت: ((ئەگەر دەتەوێت سەیری شیاوی ئایینی هەر نەتەوەیەك بکەیت، ئەوە سەرەتا بڕوانە بیر و باوەڕیان دەربارەی چەمکی خودا ناسی)).[١]

---

(١) (الدين و حاجة الإنسان إليه)، دانراوی: موحەممەد مەزروعە (لا:٣٤٥).

ASTANA

لە تێر و تەواوی و جوانی و ڕازاوەیی باوەڕی ئیسلامی دەربارەی چەمکی خودا ناسی کە بەتەنها وەسفی کامل و شایستەی خودا ناکات، بەڵکوو ئەم وەسفە داخوازیکاری ملکەچی و بەندایەتی و عوبودییەت و خۆشەویستییە بۆ خودا. (د. فەرید ئەنساڕی) دەفەرموویێت: ((ڕبوبییەتی خودا[١] هەرکەسێك بە جوانی و تەواوی لێی تێبگات ئەوە هەست دەکات ئەو ڕبوبییەتە داخوازیکاری ملکەچی و بەندایەتی و خۆشەویستییە بۆ خودا؛ چونکە کاتێك خوایەتی (اللّٰه) بەند بێت بە ڕبوبییەتەوە ئەمە واتای ئەوە دەدات ڕبوبییەتی خودا تایبەتمەندییەکی سەرسوڕهێنەری هەیە کەوا لە دڵەکان دەکات ملکەچ و فەرمانبەردار و بەندەی ڕاساڵی خودا بن))[٢].

بابەتێکی بەڵگە نەویستە لەلای زانایانی بیر و باوەڕی ئیسلامی یەکێك لە بەهێزترین بەڵگەکان بۆ بەرپەرچدانەوەی موشریکەکان و چەسپاندنی عیبادەت و پەرستشەکان بەتەنها بۆ خودا بریتییە لە کردنە بەڵگەی چەمکی خوداناسی و تەوحیدی ڕبوبی و ناو و سیفەتەکان.

جوانی و ڕازاوەیی و چەسپاوی بیر و باوەڕی ئیسلامی وایکردووە باوەڕداران هەست بە دڵنیای و ئاسوودەیی بکەن دەربارەی بیر و

---

(١) ڕبوبییەتی خودا، یان تەوحیدی ڕبوبی: بریتییە لە بڕوابوون بەوەی خودا بەدیهێنەر و بەڕێوەبەر و خاوەنی بوونەوەرە، و هەموو کار و بارەکان تەنها لەدەست ئەودایە. بیەوێت هەرشتێك ڕوودات هەر ڕوودەدات و دێتەبوون ئەگەر هەموو دروستکراوەکان بیانەوێت نەیەتەبوون، هەرشتێك ئەو نەیەوێت بێتەبوون ئەوە بە هیچ شێوازێك نایەتەبوون، ئەگەر هەموو دروستکراوەکان بیانەوێت بێتەبوون. (وەرگێڕ).

(٢) (جمالية الدين: معارج القلب إلى حياة الروح)، دانراوی: د. فەرید ئەنساڕی (لا:٤٥) .

ASTANA

باوەڕیان سەبارەت بە چەمکی خوداناسی، بۆیە زۆر جار گومانسازان ناتوانن ڕووبەڕوویان ببنەوە دەربارەی ئەسڵ و بنەمای بیر و باوەڕیان، بەڵکوو تیرەکانیان ئاڕاستەی ئەحکامە شەرعییەکان دەکەن. بەڵێ ناتوانن ڕووبەڕووی بنەما و بنچینەی بیر و باوەڕی ئیسلامی ببنەوە؛ چونکە بیر و باوەڕێک کە هیچ شوێنی تانە و گومان نییە، بەڵکوو گونجاو و هاونەوایە لەگەڵ ئەقڵ و فیترەت و ناخی مۆڤەکاندا.

کاتێك چەمکی خـــوداناسی ڕوون بوویەوە، ئەوە هـــەموو بابەتەکانی دیکەی بیر و باوەڕ ئاسان دێتەکایەوە، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە بوو ئەوە درێژەی باسەکانی بیر و باوەڕ هەمووی ناڕوون و ئاڵۆز دەبێت.

بۆنموونە: باوەڕبوون بە موعجیزەی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت) بەشێکە لە باوەڕبوون بە خودایەکی بەهێزی زانای حەکیمی کارڕەوا کە تەنها خۆی بەدیهێنەر و خاوەنی بوونەوەر و یاسا و ڕێساکانی گەردوونە.

بەهەمان شێواز باوەڕبوون بە پێغەمبەرێتی بەشێکە لە باوەڕبوون بە خودایەکی مەزنی شکۆمەندی زانای حەکیم.

کەواتە چەمکی باوەڕبوون بە خودا بنەمای هەموو بنەماکانە، ئەم بابەتە سەرەڕای گرنگی و گەورەی و فراوانیی بەڵام لە ئیسلامدا زۆر بە ڕوونی و ئاسانی خراوەتەڕوو.

سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە هیدایەت و ڕێنموویی کردین

ASTANA

## تێڕوانینی زانستی پێنجەم :

### هەبوونی نموونەی كرداری بۆ جێبەجێكردنی بابەتە بیرەكی و نەزەرییەكان

یەكێك لە جوانییەكانی ئیسلام بریتییە لەوەی ئایینێكە كورت هەڵنەهاتووە لەسەر لایەنێك، بەڵكوو گرنگی داوە بە هەردوو لایەنی بیرەكی و زانستی لەگەڵ جێبەجێكردنی كرداری. فەرمانی كردووە بە ئەخلاق و ڕەوشتە بەرزەكان، كۆمەڵێك ئەحكامی شەرعی فەرزكردووە، لەگەڵیاندا باشترین نموونەی كرداری پێشكەش كردووە كە هەستاوە بە جێبەجێكردنیان، هەموو ئەمەش لە ژیانی پێغەمبەردا ﷺ بەدی دەكرێت كە چۆن زۆر بەجوانی هەستاوە بە پابەندبوون و جێبەجێكردن و ئەنجامدانی هەموو فەرمان و داواكارییەكانی خودای باڵادەست، هەربۆیە خاتوو عائیشە (ڕەزای خودای لێبێت) دەربارەی پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی: (( كَانَ خُلُقُهُ الْقُرْآنَ)) [١]

واتە: ئەخلاق و ڕەوشت و هەڵسوكەوتی پێغەمبەر ﷺ بریتیبوو لە جێبەجێكردنی كرداری بۆ قورئانی پیرۆز.

هەبوونی ئەم نموونە كردارییە بۆ پابەندبوون و جێبەجێكردنی شەریعەت یەكێكە لە باشترین هۆكارەكان بۆ ئاسانكردنی جێبەجێكردن و پابەندبوون بە ئەحكامەكانی شەریعەتەوە، ئەم

---

(١) پێشەوا موسلیم ، (٧٤٦).

نموونە کردارییە وادەکات تێڕوانینی خوڕافی و ئەندێشە ئاسا لە ئیسلام دووربخرێتەوە.

کاتێك خەڵکی لەگەڵ ئیسلامدا بژین بێ شێوازێکی کرداری و لە ژیانی ڕۆژانەیاندا پەیڕەوی بکەن، ئەو کات هەست بە بەها و گرنگی و شیرینی ئیسلام دەکەن، و خۆیان بێ پێویست دەکەن لە هەر شتێکی دیکە، سەرئەنجام درك بە واتا جوانەکانی ئیسلام دەکەن.

ڕەنگە یەکێك لە حیکمەتەکانی ناردنی پێغەمبەران لە ڕەگەزی مرۆڤ بریتی بێت لە چاولێکردن و ئاسانکردنی پابەندبوون و جێبەجێکردنی شەریعەت، خۆ ئەگەر لە ڕەگەزی مرۆڤ نەبوونایە ئەوکات دەوترا: بابە ئەو پێغەمبەرەی هەستاوە بە پابەندبوون بە فەرمانەکانی خوداوە، و داواکارییەکانی جێبەجێ کردووە دروستکراوێکە لە ڕەگەزی ئێمە نییە، ئەو بەشێوازێکی تایبەت دروستکراوە ئەمە بوەتە هۆی ئەوەی بتوانێت پابەندی فەرمانەکان بێت و داواکارییەکانیش جێبەجێ بکات.

دەبینیت خودای پەروەردگار پێغەمبەرەکەی ﷺ بە چەندین تاقیکردنەوەی قورس و گران تاقیکردوەتەوە؛ هەتاوەکو خەڵکی بزانێت ئەم پیاوە مەزن و گەورەیە هەرچەندە خودا ڕێزی لێناوە و کردوویەتی بە دواهەمینی پێغەمبەران، بەڵام مرۆڤە وەك هەر یەکێك لە مرۆڤەکان توشی نەخۆشی و ماندووبوون و موسیبەت و نارەحەتی دەبێت، بەڵام ئەم نارەحەتی و موسیبەتانە ڕێگرنەبووە لەوەی کە موتتەقی ترین و لە خواترس ترین مرۆڤ بێت.

ASTANA

هەربۆیە نابینی مرۆڤێکی دیکە لە درێژایی مێژوودا وەك پێغەمبەر ﷺ گرنگی درابێت بە وردەکاری ژیانی و وتە و کردەوەکانی، بەڵکوو مسوڵمانان بۆ پارێزگاریکردن لە وتە و کردەوە و هەڵسوکەوت و ڕەوشت و...هتد، چەندین یاسا و ڕێسایان داهێنا - کە هاوشێوەی نەبووە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا - ئەوەش لە زانستی فەرموودەناسی دا کۆبووەتەوە. ئەم زانستە شاکار ئاسایە تەنها لە پێناو پاراستنی وتە و کردەوە و ژیانی پێغەمبەر ﷺ داهێنرا بۆ ئەوەی گۆڕانی بەسەردا نەیەت بەپێی تێپەڕبوونی کات.

ASTANA

## تێڕوانینی زانستی شەشەم :

### بەراوردکردنی ئیسلام بە جاهیلییەت

یەکێك لەو لایەنانەی کە جوانییەکانی ئیسلام ئاشکرا دەکات و دەیچەسپێنێت لەناخی مرۆڤدا بریتییە لە ڕوانین لە دۆخی سەردەمی جاهیلییەت - جا جاهیلییەتی پێشوو بێت، یان جاهیلییەتی ئەمڕۆ -، لەو هەڵسوکەوت و بیر و باوەڕ و داب و نەریت و عورف و لاساییکردنەوەیەی کە زۆر بەربڵاو بوو لەناویاندا، و ڕوانین لەو لایەنە ئیسلاحییە بێ وێنەیەی ئیسلام هێناویەتی لەگەڵ ناردنی پێغەمبەر ﷺ.

لێرەدا باسی هەندێك ئەنجامی سادە ناکەین نزیك بێت لە ئەنجامی هەر جوڵانەوەیەکی ئیسلاحی دیکە، بەڵکوو باسی حاڵەتێکی زۆر جیاوازی تایبەت دەکەین کە وێنەی نەبووە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. ئەو ئەنجامەی یەکێك لە دیاترین مێژوونووسان بەناوی (وڵ دیورانت) باسی کردووە، هەرچەندە (دیورانت) باوەڕی بە پێغەمبەرایەتی موحەمەد ﷺ نەبووە، بەڵکوو لە چەندین شوێندا بە ڕاشکاوی دژایەتی کردووە، بەڵام هێز و کاریگەری ڕاستییەکان ناچاری کرد لە پەرتووکی (قصة الحضارة) دا بڵێت: (( کاتێك بمانەوێت گەورەترین کەسایەتی مێژوو دیاری بکەین کە کاریگەری لەسەر خەڵکی دروستکرد بێت، ئەوە موحەممەد گەورەترین کەسایەتی مێژووە. ئەو پیاوەی توانی ئاستی ڕۆشنبیری و ئەخلاقی خەڵکانێك بەرزبکاتەوە کە لەو پەڕی

نەنگی و هەمەجیدابوون، لە کەش و هەوایەکی وشك و گەرم توانی سەرکەوتنێك بەدەست بهێنێت هاووێنەی نەبووە لە مێژوودا. نابینیت مرۆڤێکی دیکە لە مێژوودا توانیبێتی هەموو ئاواتەکانی بهێنێتەدی، وەك موحەممەد ))[1].

(ئەبو حەسەنی نەدەوی) باسی لە پەیڕەوی ئیسڵاحی پێغەمبەر ﷺ کردووە دوای ئەوەی بە درێژی باسی سەردەمی جاهیلییەت دەکات، دەفەرمووێت: ((ئەو گۆڕانکاری و کودەتایەی پێغەمبەر ﷺ بەدیهێنا لەناخی مسوڵماناندا، پاشان لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، سەرسوڕهێنەرترین ڕووداو بوو لە مێژوودا، ئەم گۆڕانکارییە جیاواز و سەرسوڕهێنەربوو لە هەموو شتێکدا. بێ وێنەبوو لە خێراییەکەیدا، دەگمەن بوو لە کاریگەریدا، سەرسوڕهێنەربوو لە فراوانی و گشتگیریدا، سەیربوو لە ڕوونی و نزیکی و ئاسان تێگەشتن لێیدا. هەرگیز ناڕوون و لێڵ نەبوو وەك زۆرێك لە ڕووداوە نائاساییەکان، وەك لوغز و مەتەڵ نەبوو کەس لێی تێنەگات))[2].

پاشان پەرتووکێکم بینی بەناوی (مقاصد القرآن من تشريع الأحكام) دانراوی: (د. عبدالكريم حامدى)، ئەم پەرتووکە بایەخیداوە بەو لایەنانەی قورئانی پیرۆز گرنگی پێداون و ئیسڵاح و گۆڕانکاری و چاکسازی ئێجگار سەرسوڕهێنەری تێدا هێناوەتەکایەوە، لەو باسانە:

---

(١) قصة الحضارة (٤٧/١٣) .

(٢) ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمين (لا:٨٥) .

ASTANA

ئامانجی قورئانی پیرۆز لە ئیسڵاحی تاکەکانی کۆمەڵگا، وەك: ئیسڵاحی ئەقڵ و ژیری و بیر و باوەڕ و بیرکردنەوە و جەستە وناخی مرۆڤەکان.

ئامانجی قورئانی پیرۆز لە ئیسڵاحی گۆمەڵگە، وەك: ئیسڵاحی خانەوادەیی و ڕێساکانی ژن و ژنخوازی و لێکجیابوونەوە.

ئامانجی قورئانی پیرۆز لە ئیسڵاحی ئابووری، وەك: ئیسڵاحی پارەپەیداکردن و پارێزگاریکردن لە ماڵ و سامان.

ئامانجی قورئانی پیرۆز لە ئیسڵاحی سزاکان.

ئامانجی قورئانی پیرۆز لە ئیسڵاحی سیاسی.

جگە لەمانەش چەند لایەنێکی دیکەی ئیسڵاحی باسکردووە کە پێغەمبەر ﷺ جێبەجێیکردوون.

یەکێك لە جوانترین وتەکان لەم بارەیەوە، وتەی (د. موحەممەد عەبدوڵا دەڕاز)ە لە پەرتووکی (نظرات في الإسلام) دوای ئەوەی باسی داگیرکاری ئەسکەندەرییە دەکات لەلایەن ئیستعمارەوە پاشان بەراوردکاری کردووە لە نێوان پەیامی ئیسلام و کاروکردەوەی ئەوان، دەفەرموویێت: ((پەیامی ئیسلام کاتێك توانی باڵبکێشێت بەسەر نیوەی دونیا لەماوەی کەمتر لە نیو سەدە، هەروەك بلێی دونیا دووبارە لە دایك بووەتەوە، لە چەندین وڵات و هەرێمی جیاواز و دژ بەیەك کردنی بە برا لە یەك نیشتیمانی یەکگرتوو، لە چەندین یاسا و ڕێسای جیاوازەوە کردنی بە خاوەن ڕێسایەکی ئاسمانی، لە پەرستنی چەند خودایەکەوە بۆ پەرستنی یەك خودای خاوەن دەسەڵات. ئیسلام

توانی بگات بە کرۆکی باس و خواسەکان چاکسازی و گۆڕانکارییان تێدا ئەنجام بدات، گۆڕانکاری بەسەر شێوازی بیرکردنەوەدا هێنا، هەتاوەکو ڕوویکردە لایەنی زمانەوانی و زمانی قورئانی بۆ زیادکرد، زۆرێك لە خەڵکی زمانی دایکیان لە بیرکرد و هەموویان پێکەوە زمانی ئیسلامیان کردە زمانی سەرەکی گفتوگۆ. ئەم پەیامە بێ وێنەیە بەردەوام دژایەتی دەکرێت لەلایەن دووژمانەوە، بەڵام هەموو هەوڵ و خۆماندووکردنێکیان بەزایە دەچێت، ئەم پەیامە وەك شاخ جێگیرە، و بەردەوام لە باڵابوون و سەرکەوتندایە.

با لێکۆڵەران هەوڵبدەن بنەما و سەرچاوەی ئەم خۆڕاگری و سەرکەوتنە سەرسوڕهێنەرە بزانن.

ئێمە پێمان وایە ئەم گۆڕانکاری و سەرکەوتنە بێ وێنەیە ناگەڕێتەوە بۆ هۆکارێك بەتەنها، بەڵکوو بۆ چەند لایەن و کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێتەوە، لەوانە: کەسایەتی بانگخواز، و ڕێباز و پەیڕەوی بانگەوازیی، و کەسایەتی ئەو خەڵکەی ئەم پەیامەیان وەرگرتووە، و ڕێگا و شێوازی بانگەوازیی، لەسەر هەموو ئەمانەوە چاودێری کردن و پارێزگاری و بەرگیریکردنی خودای باڵادەست بۆ ئەم پەیامە تاوەکو بگاتە ئامانج)) [(١)]

پاشان باسی کەسایەتی پێغەمبەری کردووە ﷺ، پاشان باسی خودی پەیامی ئیسلامەتی کردووە، پاشان باسی ئەحکامە شەرعییەکانی کردووە.

---

(١) نظرات في الإسلام، دانراوی: د. موحەممەد عبدالله دەڕاز (لا:٦) .

هەر لە بابەتی بەراوردکردنی ئیسلام بە جاهیلییەتدا، -بەڵام بە جاهیلییەتی سەردەم - کاتێك بڕوانین لە زانستی ئەزموونی سەردەم و لێکۆڵینەوە و دەرئەنجامە زەبەلاحەکانی کە وایکردووە لە زۆرێك لە زیادەڕۆکاران تیایدا بە تاکە ململانێکاری ئایینەکانی بزانن، بەڵکوو بەسەرکەوتووشی بزانن بەسەر ئایینەکاندا. شانازی بەوەوە بکەن کە چۆن ئەم زانستە توانیویەتی ژیانی مرۆڤایەتی پێشبخات. هەرگیز ماندوونەبن لە باسیکردنی ئەم حاڵەتەی پێشکەوتنی سەردەم کە مرۆڤی ڕزگارکرد لە نەهامەتییەکانی سەدەکانی پێشوو.

لەگەڵ ئەمەدا بەڵام کاتێك لەم بابەتە ورد دەبینەوە دەبینین ئەم پێشکەوتنەی زانستی ئەزموونی پێشکەوتنێکی گشتگیر نییە، بەڵکوو تەنها یەك لایەنی ژیانی گرتووەتەوە ئەویش لایەنە مادییەکەیە. ئەم پێشکەوتنە پێشکەوتنێکی ئەزموونی ماددییە، پەیوەستە بەو لایەنەی خزمەتی مرۆڤ دەکات لە چوارچێوەی ماددە و ژیانی دونیای، بەڵام هیچ شوێنەوارێکی ئیجابی ئەرێنی نەبووە لەسەر لایەنی ڕۆحیی وەك: ئەخلاق و ڕەوشت و قییەم. هیچ شوێنەوارێکی ئیجابی نەبووە لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و خێزانی، بەڵکوو هیچ شوێنەوارێکی ئەرێنی نەبووە لەسەر وەڵامدانەوەی پرسیارە هەمیشەییە نەبڕاوەکان[1]. ئەم لایەنانە و

---

(١) پرسیارە هەمیشەییە نەبڕاوەکان: (الأسئلة الغائية الكبرى)، یان (الأسئلة الوجودية) بریتین لەو پرسیارانەی دێن بەمێشکی هەموو کەسێکیدا جا باوەڕدار بێت، یان بێباوەڕ. جیاوازییەکەش لەوەدایە باوەڕداران وەڵامی ڕاست و دروستی ئەم پرسیارانەیان دەست دەکەوێت لە ئایینەکەیاندا، بەڵام مولحیدان نەخێر، وەڵامی ئەم پرسیارانەیان دەست ناکەوێت. ئەو پرسیارانەش: ئەم بوونەوەرە کێ دروستی کردووە؟ من کێم؟ بۆچی دروستکراوم؟ حیکمەت چییە لە دروست بوونی بوونەوەر؟ سەرئەنجامم چی دەبێت؟

چەند لایەنێکی دیکە دوورە لەم پێشکەوتنەی زانستی ئەزموونی سەردەم، بەڵکوو بەچەندین شێواز کاریگەری هەبوو لە بەرەودوا بردنەوەی مرۆڤایەتی لەو لایەنانەی ئاماژەمان پێدا. ئەمە واتای ئەوە نادات دژ بە پێشکەوتن بین، یان پێشکەوتن هەمیشە هۆکاری بەرەو دواوەبردنی مرۆڤایەتی بێت، بەڵکوو ئەمە بەهۆی زیادەڕۆیی ئەو کەسانەوە بووە کە بەیەك چاو سەیری زانستی ئەزموونی سەردەمیان کردووە، ئەو هەڵسوکەوتەی ئەمان هۆکاری بەرەودواوە بردنەوەیەی مرۆڤایەتییە لەو لایەنانەی ئاماژەمان پێدا.

ئەمە بە چاوپۆشی لەوەی ئەم پێشکەوتنەی زانستی ئەزموونی بوەتەهۆی درووست بوونی چەندین کارەساتی مرۆڤایەتی، لەوانە:

- لەناوچوون و کەمئەندام بوونی ملیۆنان مرۆڤ لە جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی [خاپوور بوونی چەندین شار و وڵات] (١)

- کەم ئەندام بوون و شێوانی جەستەیی ژمارەیەکی ئێجگار زۆری منداڵان لە شوێنەواری بەکارهێنانی ئەو چەکە کوشندانەی لەم جەنگانەدا بەکارهات، بەهۆی ئەوەی بەدەست کەسانێکەوە بوو

---

بۆچی پێویستە چاکە بکەین و لە خراپە بەدوور بین؟ ئەسڵەن پێوەری دیاریکردنی چاکە و خراپە، خێر و شەڕ چییە؟ بۆچی شەڕ و خراپە بوونی هەیە؟ پێوەری دیاریکردنی ئەخلاقە جوانەکان چییە؟

ئەمانە و چەند پرسیارێکی دیکە، بۆ زیاتر شارەزابوون و وەڵامی زانستی ئەم پرسیارانە بڕوانە: ( الإجابة القرآنية: كيف أجاب القرآن عن أسئلتك الوجودية؟ ) دانراوی: د. مهاب السعيد . (وەرگێڕ).

(١) بۆ زیاتر شارەزابوون لەم باسە بڕوانە: (ظاهرة نقد الدين في الفكر الغربي) دانراوی: د.سلطان العميري (٤٦٧/١) . (وەرگێڕ) .

ASTANA

هیچ بنەمایەکی ئەخلاق و ڕەوشت و بەزەیی و ڕێساکانی جەنگیان ڕەچاونەدەکرد.

ئەمانەی و چەندین کارەساتی دیکە هەمووی بەهۆی پێشکەوتنی زانستی ئەزموونی سەردەمەوە بوو.

لە پەرتووکی (انتحار الغرب) دانراوی (ریچارد کۆك و کریس سمیس)دا هاتووە: (( گومان و ترس و دڵەڕاوکێی خەڵك بەرانبەر بە زانستی ئەزموونی ئێجگار زۆربوو ئەمەش دوای کارەساتەکەی هێرۆشیما... وە لە دوای ڕووداوەکەی کوبا لە ساڵی ١٩٦٢ز تەواو خەڵکی لەوە ترسان بەهۆی چەند کڵاوەیەکی نەوەویەوە هەموو شارستانییەتی مرۆڤایەتی لەناوبچێت. زانایان هاواریان کرد بۆ دەربڕینی ئەو ترس و گومانەی لەلایان دروست بوو. لەدوای کارەساتەکەی هێرۆشیما ئەنیشتاین وتی: ((خۆ ئەگەر بمزانیبا ئەم کارە ئەنجام دەدەن ئەوە خۆم خەریکی ئەم زانستە نەدەکرد، بەڵکوو خەریکی پێڵاو درووستکردن دەبووم ))[(١)]

ڕیچارد تارناس لە پەرتووکی (آلام العقل الغربي)دا باسی هەندێك لادانی قییەمی سەردەمیان بۆ دەکات بەهۆی زانستی ئەزموونییەوە، دەڵێت: ((پەیوەندیەکی بەهێز هەبوو لەنێوان توێژینەوە زانستییەکان لەلایەك و دەزگا و دامەزراوە و ئەنجوومەنە سیاسی و سەربازییەکان لەلایەکی دیکەوە. پێکهاتەی هاریکاری ئەو وێنە خودییە کلاسیکییەی زانست بەدرۆ دەخاتەوە کە لە پاکیزەیی و بێلایەنیدا

---

(١) انتحار الغرب، دانراوی: ریچارد کۆك و کریس سمیس (لا:١٤٠) .

خۆی دەنوێنێت، بەڵام بڕوابوون بە خاوەندارێتی ئەقڵێکی زانستی بۆ بەدەسهێنانی توانای بۆ گەشتن بە حەقیقەتی جیهان، نەک لەڕووی مەعریفییەوە ساویلکانەیە، بەڵکوو وەك خزمەتکارێکە ـ بە زانینەوە بێ، یان نا ـ بۆ گەشتن بە مەبەست گەلێکی سیاسی و ئابووری دیاریکراو کە زۆرجار دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ قۆستنەوەی بڕێکی گەورە لە ژێرخانی ماددی و فکری بۆ خزمەتی بەرنامە و پلانەکانی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی. ئەو پیسبوونەی لە ئەنجامی چەکی ئەتۆمی دروستبووە، هەڕەشەی ڕوودانی کارەساتێکی هەسارەیی دەکات. هەموو ئەمانە واتای تۆمەتبارکردنی زانستی ئەزموونی دەدات بەدەستەوە، لەگەڵ سەرکۆنەکردنی ئەقڵی مرۆڤ، ئەو ئەقڵەی کە وادەرئەکەوێت بووەتە کۆیلە و بەندەی ناژیرێتی (لاعقلانیة) کە بەدڵنیایەوە سەر بۆ لەناوبردنی خودی مرۆڤایەتی دەکێشێت.

بڕوابوونی گەشبینانە بە ئەگەری دەرچوون لە گیر و گرفتەکان جیهان کە بەهۆی پێشکەوتنی زانستی ئەزموونی و ئەندازیاری کۆمەڵایەتییەوە هاتووەتەکایەوە شکستی هێناوە.

جارێکی دیکە ڕۆژئاوا لەبەر دەلاقی کوفر دەوەستێتەوە ئەمجارەیان بە ئایین نا، بەڵکوو بە زانست و ئەقڵی سەربەخۆی مرۆڤ.

ژمارەك لە زانایان و فەیلەسوفان وریایی ئەوەیان داوە زانستی ئەزموونی لەگەڵ هەموو لایەنەکانی مرۆڤدا هاونەوا نەبووە، بەڵکوو کورتی هەڵهێناوە لەسەر یەك لایەن کە ئەویش لایەنی ماددییە. لە بەناوبانگترین بیرمەندان کە بایەخیداوە بە ئاشکراکردنی کەموکوڕی

تێڕوانینی ماددی بۆ مرۆڤایەتی (عبدالوهاب مەسیری)یە (ڕەحمەتی خودای لێبێت)، زۆر گرنگی بەم بابەتەداوە، لە زۆر شوێن لە پەرتووکەکانیدا ڕەخنە و گازندەکانی باسکردووە لەسەر تێڕوانینی ماددی بۆ مرۆڤ، بەڵکوو پەرتووکێکی تایبەتی لەسەر ئەم بابەتە نووسیوە بە ناونیشانی (الفلسفة المادية و تفكيك الإنسان)[١].

ڕیچارد تارناس لە پەرتووکی (آلام العقل الغربي)دا باسی ئەوەی کردووە ژمارەیەکی زۆر لە چاودێرانی پێشکەوتنەکانی زانستی ئەزموونی هەست بەوە دەکەن سەرئەنجامی ئەم پێشکەوتنانە ئاگەدارکەرەوەیەکی ترسێنەرە بۆ لە ناوبردن و سەرەوژێرکردنی ئەخلاق و قییەمی مرۆڤایەتی.

کورتەی باسەکەمان: ئەگەر هەوادارانی زانستی ئەزموونی، ئەوانەی زۆر زێدەڕۆییان کردووە و ئەم زانستە بەپیرۆز سەیردەکەن، بەراوردی دۆخی مرۆڤایەتی دەکەن پێش بەرەوپێش چوونی زانستی ئەزموونی و دوای پێشکەوتنی ئەو زانستە، ئەوە مافی ئێمەشە بەراوردی دۆخی مرۆڤایەتی بکەین - بەتایبەت نیمچەدوورگەی عەرەب - پێشهاتنی پێغەمبەر ﷺ و دوای هاتنی پەیامە نورانییەکەی. ئەو گۆڕانکارییە ئیسلاحی و چاکسازییە گشتگیر و هەمەلایەنە فراوانەی ئیسلام هێنایە کایەوە هەرگیز بەراورد ناکرێت بە پێشکەوتنی زانستی ئەزموونی. ئەو پێشکەوتنەی مرۆڤی کورتهەڵهێنا لە چوارچێوەی ماددیگەرایی، بێگومان ئەم دوانە زۆر لێکجیاوازن، چۆن

---

(١) یەکێکی دیکە لە پەرتووکە بەنرخەکان لەم بوارەدا، پەرتووکی: (الإنسان بين المادية و الإسلام) دانراوی: موحەممەد قوطب. (وەرگێڕ).

دەکرێت بەراوردکاری بکرێت لە نێوان لایەنێك مرۆڤ قەتیس دەکات و لە ڕەگەوە هەڵیدەوشێنێت، لایەنێك دەڕوانێتە مرۆڤ لە هەموو ڕوویەکەوە و دەیگەیەنێتە چڵەپۆپەی جوانی و کامەرانییەکان.

بەڵام ئەو دواکەوتنەی ئێستا مسوڵمانانی تێکەوتووە هەرگیز بەهۆی پابەندبوونیانەوە نییە بە ڕێنمایی و ڕێساکانی ئیسلامەوە، بەڵکوو هۆکارەکەی دووریانە لە ڕێنمایی و ڕێسا و ئەحکامەکانی شەریعەت. هەرگیز بڕگەیەك لە ئیسلامدا نابینیتەوە دژایەتی پێشکەوتن و گەشانەوەی زانستی بکات، یان دژایەتی گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی مرۆڤ بکات لە ئاوەدان کردنەوەی زەوی.

ئێمە وەك مسوڵمان، لە ئیسلامەوە پێوەری ئەخلاقی و دادپەروەرانە وەردەگرین بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی و ماددی. لە ئیسلامەوە پێوەری ڕۆحی بەدەست دێنین، پێوەر بۆ وەڵامی پرسیارە گەورە هەمیشەییەکان دیاری دەکەین، کەواتە پێشکەوتنی زانستی ئیسلامیانە پێشکەوتنێکی گشتگیری تەواوکارە بۆ هەموو لایەن و ڕووەکانی مرۆڤایەتی، هەتاوەکو بە کەم ئەندامی و شێواو و تێکەڵ و پێکەڵ پێنەگرێت.

ASTANA

## تێڕوانینی زانستی حەوتەم :

## نوێخوازی و میانڕەوی و عەدالەت

میانڕەوی و نێوەندگیری و عەدالەت لەلای هەڵگرانی هەر بیرێکی نوێ کە ڕووخێنەری بیروڕایەکی دیکە بێت کارێکی ئێجگار قورس و گرانە. بەرەنگاربوونەوە و کۆتایی پێهێنانی بیر و بۆچوونی کۆن کە پووچ و باتڵە و هەڵگرانی زۆر دەمارگیرن بۆی وا دەکات لە ئەو کەسانەی کە هەڵدەستن بە بەرەنگاربوونەوە و کۆتایی پێهێنانە بە شێوازێك لە شێوازەکان زێدەڕۆیی بکەن لە ڕووبەڕووبوونەوەی وتە و ئەفکارەکانی پێشوو، با دروشمی ئەم بیرە نوێخوازەش لێبووردەیی بێت، بەڵام زۆرجار هەرتوشی زێدەڕۆیی و موبالەغە دەبن، ئەگەر سەیری ڕووداوەکانی مێژوو بکەیت ئەوە بۆت دەردەکەوێت شوێنکەوتوانی هەر بیرێکی نوێ و هەڵگرانی درووشمی لێبووردەیی لەبەر کێشمەکێشمی بەرەنگاربوونەوە زۆر بەزوویی درووشمەکانیان لەبیر چووەتەوە، و توشی زێدەڕۆیی و موبالەغە بوون.

بەڵام ئەگەر سەیری نوێخوازی ئیسلامی بکەیت - کە لەناوبەر و کۆتایی پێهێنەری بنەماکانی بیری جاهیلییە و لە هەموو ڕوانگەیەکەوە گۆڕیویەتی بە کۆمەڵێك یاسا و ڕێسا و تەشریعاتی دادپەروەرانەی نوێ - دەبینیت زۆر بایەخی داوە بە میانڕەوی و دادپەروەریی و عەدالەت لەلای شوێنکەوتوانی. ئەمەش بە ئاڕاستەکردنیان بۆ پابەندبوون بە سەنگینی و وەسەتییەت و

دادپەروەری و دوورخستنەوەیان لە زێدەڕۆیی و موبالەغەکردن، بەڵکوو هەڕەشە کراوە لەو کەسانەی زێدەڕۆیی دەکەن و لە ڕۆحی دادپەروەری و وەسەتییەت دووردەکەونەوە، بۆ وێنە وتەی پێغەمبەر ﷺ : ((إِيَّاكُمْ وَ الْغُلُوَّ))(١).

واتە: ئاگاداربن، وریابن زێدەڕۆیی نەکەن.

وە فەرموویەتی ﷺ : ((وَلَنْ يُشَادَّ الدِّينَ أَحَدٌ إِلَّا غَلَبَهُ))(٢).

واتە: هیچ کەسێك نییە زیادەڕۆی بکات لە ئاییندا، ئیلا بەزیو دەبێت و ناتوانێت بەردەوام بێت.

وە فەرموویەتی: ((هَلَكَ الْمُتَنَطِّعُونَ))(٣).

واتە: زیادەڕۆکاران و سنووربەزێنەکان لەناوچوون.

ئەوەی زیاتر ئەم باسە ڕوون دەکاتەوە، هەندێك لە تازە مسوڵمانان دوای قوتار بوونیان لە شەوەزەنگی کوفر و بت پەرستی، و هەستکردن بە چێژی جوانی و ڕازاوەیی و عەدالەتی ئیسلام، ئەمە وایلێکردن بیانەوێت بەیەکجاری پشتبکەن لە دونیا و خۆشییەکانی، و خۆیان یەکلایی بکەنەوە بۆ عیبادەت و پەرستشەکان.

هەڵوێستی پێغەمبەر ﷺ - کە نموونەیەکی کرداری بوو بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکانی خودای باڵادەست - بەرامبەر ئەم

---

(١) پێشەوا نەسائی (٣٠٢٣) و پێشەوا ئیبن ماجە (٣٠٢٩) گێڕاویانەتەوە.

(٢) پێشەوا بوخاری (٣٩) گێڕاویەتیەوە.

(٣) پێشەوا موسلیم (٢٦٧٠) گێڕاویەتیەوە.

ASTANA

حەماسەت و جۆش و خرۆشە بریتی بوو لە ڕێکخستنی ئەم سەرکەشییەی خەریکبوو ڕوویدات، و ئامۆژگاری کردنیان بۆ عەدالەت و دادپەروەریی و وەسەتییەت. ڕوونترین نموونە لەسەر ئەمە چیرۆکی ئەو سێ هاوەڵە بەڕێزە بوو کە یەکێکیان ویستی خێزان پێك نەهێنێت، کەسی دووەمیان ویستی گۆشت نەخوات، سێیەمیشیان ویستی بەدرێژایی شەو بەخەبەر بێت و شەونوێژ بکات. هەمووشیان مەبەستیان خێربوو. دەیانویست خۆیان یەکلایی بکەنەوە بۆ عیبادەت و خوداپەرستی، و دورەپەرێزبن لە دونیا. ئەمەش بە پاڵنەری ئەو چێژە ئیمانییەی کە بەدەستیان هێنابوو بەهۆی بیر و باوەڕی ئیسلامییەوە. دەبینیت پەیامبەرﷺ بەرانبەر ئەم حەماسەت و جۆش و خرۆشەوە وەستایەوە و وەسەتییەت و میانڕەوی بیرخستەوە ئەوەش بە پابەندبوون بە سوننەتەکان و بەردەوامبوون لەسەر ڕێبازی ئیسلامی، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ((أَمَّا أَنَا فَأُصَلِّي وَأَنَامُ، وَأَصُومُ وَأُفْطِرُ، وَأَتَزَوَّجُ النِّسَاءَ، فَمَنْ رَغِبَ عَنْ سُنَّتِي فَلَيْسَ مِنِّي))[١].

واتە: ئەی خەڵکینە ئاگاداربن من بەشێك لە شەو شەونوێژ دەکەم و بەشێکیش دەنووم، ڕۆژانێك بە ڕۆژوو دەبم و ڕۆژانێکیش بە ڕۆژوو نابم، ژنیش دێنم، هەرکەسێك لە ڕێگا و پەیڕەو و ڕێبازی من لابدات ئەوە لە من نییە.

---

(١) پێشەوا بوخاری (٤٧٧٦) و پێشەوا موسلیم (١٤٠١) گێڕاویانەتەوە.

ASTANA

## تێڕوانینی زانستی هەشتەم :

## جوانییەکانی ئیسلام لەو بابەتانەی گومانسازان گومانی تێدا درووست دەکەن

کاتێك لەو شوبهە و گومانانە بڕوانین کە دژ بە ئیسلام و ئەحکام و بنەما نەگۆڕەکانی دەوروژێنرێت دەبینین زۆربەی هەرە زۆری لە سێ بابەتەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەوانیش: (جیهاد و تێکۆشان - ئافرەت - حودودە شەرعییەکان[١])، بەڵام کە بە وردی لەم بابەتانە دەڕوانین دەبینین ئێجگار واتا و مەبەست و لایەنی جوان و ڕازاوە و حیکمەت لەخۆدەگرێت کە شایەنی ئەوەیە شانازی پێوە بکەین نەك بیشارینەوە و شەرم بکەین لە باسکردنیان.

وەك نموونە باسی جیهاد و تێکۆشان دەکەین لە ئیسلامدا، زۆر ڕوونە یەکێك لەو تۆمەتانەی دەدرێتە پاڵ ئیسلام لەم چەرخەدا بریتییە لەوە دەڵێن: ئیسلام ئایینێکی وەحشیگەری و خوێناوی و زۆردارییە! ئایینێك نییە سۆز و میهرەبانی و دادپەروەری لە خۆبگرێت!، یاسا و ڕێسایەکی نییە چوارچێوەی جیهاد و جەنگ دیاری بکات و، وا لە باوەڕداران بکات هەڵسوکەوتی پەسەند و ئەخلاقیانە ئەنجام بدەن![٢]

---

(١) حەدی شەرعی: بریتییە لە سزایەکی دیاریکراو لەشەرعدا کە بەهۆی تاوانێکەوە جێبەجێ دەکرێت.
نموونەی حدودەکان: حەدی داوێن پیسی، حەدی تۆمەتبارکردن (القذف)، حەدی دزیکردن، حەدی پاشگەزبوونەوە لە ئایین، حەدی شەوکوتی و ڕێگریکردن، حەدی مەشرووب خواردن . (وەرگێڕ).

(٢) بڕوانە: سەرابی گومانەکان (لا: ؟؟؟ ) . (وەرگێڕ).

بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە تێڕوانینێکی ستەمکارانەیە. هەرگیز ڕێنمایی و ڕێساکانی ئیسلام بەو شێوازە نییە. ئەو وەسفکردنە هەرگیز وەرنەگیراوە لە هەڵسوکەوت و ئاکاری پێغەمبەر ﷺ، ئەو کەسەی ئەم وتانە دەڵێت، دەکەوێتە ناو یەکێك لەم دوو هەڵەوە:

**یەکەم:** تۆمەتبار کردنی ئیسلام بەهۆی هەڵەی هەندێك لە موسوڵمانان کە دوورن لە پەیڕەو و ڕێنمایی ئیسلامەتی.

**دووەم:** هەڵبژاردنی نادروست لە بەڵگەکانی ئەم بابەتە.

ئەو کەسانەی تانە و تەشەر لە ئیسلام دەدەن، وتەکانیان بونیاتناوە لەسەر هەڵسوکەوت و ئاکاری هەندێك لەو گروپانەی خۆیان دەدەنە پاڵ ئیسلام، تانە و تەشەر لە ئیسلام دەدەن لەبەر کار و کردەوەی ئەو گرووپانە! بەڵام کاتێك بتەوێت ئۆباڵی ئەو کارەسات و بەدبەختی و وێرانکاریەی کە بەهۆی بیری ئیلحاد، یان عەلمانییەت، یان نەسرانییەت، یان یەهوودییەتەوە ڕوویداوە بخەیتە ئەستۆی خودی ئەم بیر و باوەڕانە، دەبینیت نکۆڵی ئەم کارە دەکەن و دەڵێن: نابێت ئۆباڵی تاوانی شوێنکەوتوان بخرێتە ئەستۆی بیری ئیلحاد، یان عەلمانییەت، یان یەهوودیەت، یان نەسرانییەت!

ئێمەش دەڵێین: مەرج نییە هەر کەسێك بەناوی ئیسلامەوە بجەنگێت دەقاودەق وێنای ئیسلام بکات. مەرج نییە هەر کەسێك چەك هەڵبگرێت ئەوە دەقاودەق نوێنەرێتی ئیسلام بکات، بەڵام جیاوازی نێوان موسوڵمانان و شوێنکەوتوانی بیر و باوەڕەکانی دیکە لەوەدایە یەکەمین کەسێك نکۆڵی لەوانە دەکەن بەناوی ئیسلامەوە

ASTANA

پێچەوانەی ڕێنمایی و ڕێساکانی دەکەن بریتییە لە مسوڵمانان، کەچی نابینیت - بەئەندازەی مسوڵمانان - شوێنکەوتوانی بیر و باوەڕ و ئایینەکانی دیکە نکۆڵی بکەن لەو کەسانەی کە تاوانی زۆر قێزەون و وێرانکاری ئەنجام دەدەن و پەیڕەوکاری هەمان بیر و باوەڕ و ئایینن.

بێگومان هەڵسەنگاندنی ڕاست و دروست بۆ بابەتی جیهاد و تێکۆشان دەبێت لە ڕێگەی بنەماکانی قورئان و فەرموودە و پەیڕەوی کرداری خودی پێغەمبەرەوە بێت ﷺ. ئەمە پێوەری ڕاست و تەواوە بۆ بابەتی جیهاد و تێکۆشان لە ئیسلامدا، پاشان دەڕواندرێتە ئەزموونی جیهاد و تێکۆشان لەلای خولەفای ڕاشیدین کە وێنای جوانترین و پڕشکۆترین هەڵسوکەوت و ئاکاری جەنگی دەکەن لە دوای پێغەمبەر ﷺ.

چەندین پەرتووك و نووسراوە دەربارەی جوانییەکانی جیهاد و تێکۆشان و ڕەوشتەکانی جەنگ کردن لە ئیسلامدا، لەوانە:

پەرتووکی (أخلاق الحرب في السيرة النبوية) دانراوی: حەسەن تەها یلوش.

پەرتووکی (أخلاقيات الحرب في السيرة النبوية) دانراوی: ناسر موحەممەدی جاد.

[پەرتووکی (أخلاق الحروب في السيرة النبوية) دانراوی: د. راغب سەرجانی]

ئەم پەرتووکانە باسی یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەکانی جیهاد و تێکۆشان دەکەن لە ئیسلامدا.

ئەگەر بمانەوێت نموونە لەسەر یاسا و ڕێساکان بهێنینەوە دەربارەی ئەخلاقیات و ڕەوشتی جیهاد و تێکۆشان لە ئیسلامدا، ئەوە با بڕوانینە ئەو ڕێزەی دانراوە بۆ پاراستنی ڕێکەوتن و پەیماننامە لەگەڵ بێ باوەڕاندا[١]. با بڕوانینە ئەو هەڕەشە گەورەیەی هاتووە

---

(١) جوانترین دەق لە مێژوودا دەربارەی پاراستنی ڕێکەوتن و پەیمان هاتێت ئەو ئایەتە پیرۆزەیە، بەلەسەر خۆیی بیخوێنەوە و لێی بڕوانە: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَواْ وَّنَصَرُوٓاْ أُوْلَٰٓئِكَ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يُهَاجِرُواْ مَا لَكُم مِّن وَلَٰيَتِهِم مِّن شَيۡءٍ حَتَّىٰ يُهَاجِرُواْۚ وَإِنِ ٱسۡتَنصَرُوكُمۡ فِي ٱلدِّينِ فَعَلَيۡكُمُ ٱلنَّصۡرُ إِلَّا عَلَىٰ قَوۡمِۭ بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَهُم مِّيثَٰقٞۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ ٧٢ ﴾ الأنفال: ٧٢

واتە: بێگومان ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و هیجرەتیان کردووە و لە پێناو خودادا بە ڕۆح و ماڵ و سامانیان جیهاد و تێکۆشانیان ئەنجامداوە، ئەوانەش کە پێشوازیان لە موهاجیران کرد و لە شار و وڵاتی خۆیان جێیان بۆ کردنەوە و پشتگیری و کۆمەکیان کردن، ئەمانە گشت دەبن بە خزم و دۆست و دڵسۆز و کەس و کاری یەکتر، ئەوانەش باوەڕیانهێنا، بەڵام لە شوێنی خۆیان مانەوە و هیجرەتیان نەکرد بۆ شاری مەدینە، بەبێ هەبوونی هیچ عوزر و بیانوویەك، ئەوە لەسەر ئێوە پێویست نییە یارمەتیان بدەن هەتاوەکو ئەوانیش وەکو هەر باوەڕدارێکی دیکە هیجرەت دەکەن بۆ شاری مەدینە، خۆ ئەگەر داوای یارمەتیان لێکردن بۆ پاراستن و سەرخستنی ئایینەکەتان، پێویستە لەسەرتان کۆمەکیان بکەن و سەریانبخەن بەسەر دوژمنانی ئیسلامدا، ئیلا ئەو بێباوەڕانە نەبێت کە بەڵێن و پەیمان لە نێوانتاندا هەیە ئەوە نابێت بەڵێن و پەیمان بشکێنن، بەڵکوو واجبە بەڵێن و پەیمانی خۆتان ببەنە سەر، خوداش بەهەموو کار و کردەوەکانتان بینا و بەئاگایە.

بڕوانە خەڵکانێکی باوەڕدار لە وڵات، یان لە شاری کافران داوای یارمەتی لە برا باوەڕدارەکانیان بکەن بۆ سەرخستنی ئایینەکەیان ....، ئایا هەموو ئەمانە بووبە هۆی نەپاراستنی پەیمان و بەڵێن؟ ئایا وترا: ئەوانە باوەڕدارن و داوای یارمەتی دەکەن بۆ سەرخستنی ئایینی ئیسلام کەی کاتی باسی عەهد و ڕێکەوتننامەیە؟ ئایا وترا: ئەم دۆخە زۆر هەستیارە و وادەخوازێت ڕەچاوی بەڵێن و پەیمان نەکرێت؟ ئایا وترا: دوژمنان کافران و بێباوەڕانن عەهد و پەیمانی چی واز لەو بابەتە بهێنن؟ بێگومان نەخێر، بەڵکوو فەرمانی خودایە دەبێت پەیمان و بەڵێن بپارێزین لەم کاتە زۆر هەستیارەشدا، بەڵێ لە پێناو پاراستنی بەڵێن و پەیمان خودای باڵادەست بەم شێوازە فەرمانمان پێدەکات .

دەربارەی ئەو کەسەی پەلاماری کەسێکی موعاهید[١] دەدات بە شێوەزێك وێنەی نییە لە هیچ ئایین و بیر و باوەڕێکی دیکەدا.

هەرچەندە کوشتنی کەسی موعاهید قەدەغەکراوە لە زۆرێك لە بیر و باوەڕ و ئایینەکاندا، بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە پێغەمبەر ﷺ توندترین هەڕەشە دەکات لە باوەڕداران کە بێ بەش بوونە لە بەهەشت، فەرموویەتی: ((مَنْ قَتَلَ مُعَاهَدًا لَمْ يَرِحْ رَائِحَةَ الْجَنَّةِ))[٢].

واتە: هەر باوەڕدارێك کەسێکی موعاهید بکوژێت، ئەوە بۆنی بەهەشت ناکات.

یاللّٰه! ئەم هەڕەشە توندە لە پێناو کوشتنی بێباوەڕێك؟! بەڵێ، بۆ پاراستنی پەیمان و ڕێکەوتن، بۆ ڕێزگرتنە لە ڕێسای ئیسلامی جا کاتی ئاشتی بێت، یان کاتی جەنگ[٣].

یەکێك لە باسە زۆر سەرسوڕهێنەرەکان دەرباری پاراستنی عەهد و پەیمان: لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە (حوزەیفەی کوڕی یەمان) و باوکی (ڕەزای خودایان لێبێت) کۆچیان کرد بۆ شاری مەدینە، لەڕێگادا

---

بڕوانن و بگەڕێن لە چ ئایینێکدا، لە چ بیر و باوەڕ و فکرێکدا هاوشێوەی ئەم مەزنی و شکۆ و جوانەییەتان دەست دەکەوێت؟ بێگومان تەنها لە ئیسلامی مەزندا بەدەست دەکەوێت . (وەرگێڕ).

(١) موعاهید: بریتییە لە کەسێکی کافر کە پەیمانی لەگەڵ مسوڵماناندا هەیە بەهۆی دانی جزیەوە بێت، یان ئەمانی پێدرابێت، یان پەیمانی ئاشتی مۆرکردبێت لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی . (وەرگێڕ).

(٢) پێشەوا بوخاری (٣١٦٦) گێڕاویەتیەوە .

(٣) بۆ زیاتر شارەزابوون بڕوانە: (سماحة الإسلام في التعامل مع غير المسلمين) دانراوی: د. حیکمەت بەشیر یاسین. (وەرگێڕ).

ASTANA

موشریکەکان توانیان بیانگرن، پاشان ئازادیان کردن بە مەرجێك لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ جەنگ نەکەن دژیان. ئەوانیش ڕازی بوون بەم مەرجە، بۆ ئەوەی دەربازبن لە دەستبەسەری بگەن بە پێغەمبەر ﷺ، ئەوان دۆخیان وەك دۆخی کەسێك بوو کە زۆریلێکرابێت،...کاتێك گەشتنە شاری مەدینە بینیان پێغەمبەر ﷺ خۆی ئامادە دەکات بۆ جەنگی بەدر، حوزەیفە و باوکی ویستیان لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵان بچن بۆ جیهاد و تێکۆشان دژ بە کافران، بەڵام پێش کەوتنەڕێ دەنگوباسی خۆیان گێڕایەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ، کە چی ڕوویداوە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((انْصَرِفَا، نَفِي بِعَهْدِهِمْ، وَنَسْتَعِينُ اللَّهَ عَلَيْهِمْ)) [١].

واتە: بگەڕێنەوە و لەگەڵمان مەیەن، ئێمە پابەندی بەڵێنەکەتان دەبین، داوای یارمەتی و کۆمەکی لە خودا دەکەین.

ئەوەبوو لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ نەچوون بۆ جەنگی بەدر. ئەمە هۆکاری ئامادە نەبوونی حوزەیفە و باوکی بوو لە جەنگی بەدر.

پاراستنی پەیمان لە دۆخێك وەك دۆخی مسوڵمانان لە جەنگی بەدردا لە هیچ بیر و باوەڕ و ئایینێك دەستت ناکەوێت لەلای مسوڵمانان نەبێت.

ئەگەر بڕوانینە دوو بابەتەکەی دیکە (ئافرەت - حدودە شەرعییەکان) بەهەمان شێواز چەندین جوانی و ڕازاوەیی و عەدالەت و حیکمەت دەبینین کە گومانسازان، یان بێ ئاگان لێی و یان نایانەوێت باسی بکەن.

---

(١) پێشەوا موسلیم (١٧٨٧) گێڕاویەتیەوە.

## کۆتـــــایی

ئیسلام زۆر لەوە مەزنترە بتوانرێت لە هاوشێوەی ئەم پوختەیەدا جوانی و ڕازاوەی و تایبەتمەندییەکانی بخرێتەڕوو، بەڵام داوا لە خودا دەکەم بەرەکەت بخاتە ئەم پەڕاوەوە، داواکارم لە هەڵە و کەموکوڕی و تاوانەکانم خۆش ببێت.

سەڵات و سەلامی خودا لەسەر بەندە و نێردراو موحەممەد ﷺ.

ASTANA

# نـــاوەڕۆك

پێشەکی وەرگێڕ.................................................................٥

پێشەکی نووسەر................................................................٩

**پەیڕەوی زانایان لە شێوازی باسکردنی جوانییەکانی ئیسلام.........١٢**

پەیڕەوی یەکەم: باسکردنی جوانییەکانی ئیسلام لەسەر شێوازی بابەتە فیقهییەکان.................................................................١٢

پەیڕەوی دووەم: باسکردنی جوانییەکانی ئیسلام بەشێوازێکی گشتی..١٤

پەیڕەوی سێیەم: باسکردنی جوانییەکانی ئیسلام لە ڕوانگەیەکی دیاریکراو، جا ڕوانگەی تەشریعات و ئەحکام بێت، یان ڕوانگەی ئەخلاق و ڕەوشت، یان ڕوانگەی بیر و باوەڕ.................................................١٥

پەیڕەوی چوارەم: باسکردنی جوانییەکانی ئیسلام و بەراورد کردنی بە ئایین و باوەڕەکانی سەردەم، بەشێوازێکی گشتی، یان لە ڕوانگەیەکی دیاریکراوەوە .................................................................١٧

**تێڕوانینە زانستییەکان کە پەیوەندیدارن بە جوانییەکانی ئیسلامەوە.١٩**


تێڕوانینی زانستی یەکەم: تێڕوانینی گشتگیر بۆ مرۆڤ، گەردوون و بوون...١٩

تێڕوانینی زانستی دووەم: تێگەشتن لە ناوەڕۆك و حەقیقەتی پەرستش لە ئیسلامدا.................................................................٢٣

تێڕوانینی زانستی سێیەم:جوانییەکانی ئیسلام لە بەڵگە و بورهاندا.....٣٠

تێڕوانینی زانستی چوارەم: ڕوونی باوەڕی ئیسلامی دەربارەی بەدیهێنەر.. ٣٣
تێڕوانینی زانستی پێنجەم: هەبوونی نموونەی کرداری بۆ جێبەجێکردنی بابەتە بیرەکی و نەزەرییەکان ........................................................ ٤١
تێڕوانینی زانستی شەشەم: بەراوردکردنی ئیسلام بە جاهیلییەت ........ ٤٤
تێڕوانینی زانستی حەوتەم: نوێخوازی و میانڕەوی و عەدالەت........... ٥٤
تێڕوانینی زانستی هەشتەم: جوانییەکانی ئیسلام لەو بابەتانەی گومانسازان گومانی تێدا درووست دەکەن.................................................... ٥٧
کۆتـــــایی ......................................................................... ٦٣

ASTANA




یەکێک لە باشترین ڕێگاکانی بانگەوازیکردن بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ڕوونکردنەوە و باسکردنی جوانییەکانی ئیسلامە کە هاونوایە لەگەڵ فیترەت و ناخ و ژیری مرۆڤەکان. وەک پێشەوا «ئیبن تەیمییە» -ڕەحمەتی خودای لێ بێت- فەرموویەتـی: ((والانسان قد يظهر له من محاسن الإسلام ما يدعوه إلى الدخول فيه، وإن كان ولد عليه وتربب بني أهله فإنه يحبه...)) واتە: هەندێک جار مرۆڤ بەشێک لە جوانییەکانی ئیسلامی بۆ دەردەکەوێت، ئەمە وای لێ دەکات موسڵمان ببێت. خۆ ئەگەر خۆی موسڵمان بێت ئەوە زیاتر ئیسلامی خۆش دەوێت.